دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠٦،یەکشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی ئوتی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

پەیامی مستەفا هیجری بە بۆنەی کۆچی دوایی کریس کوچرا ٢

پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان ٢

کریس کوچرا ڕۆژنامەوان و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد ٢

پێشمەرگەکانی نێو شار بەرەورووی سپای پاسداران بوونەوە ٢

کوردی نوێنەر، نوێنەری کورد ٤



لاوازیی ئابووریی و کەمبوونەوەی داهاتەکانی ... ٦



سەرهەڵدان و سەقامگیربوونی دەوڵەتێکی کوردی.. ١٠



هەوای خۆشی دوای باران... ١١



# سپای پاسداران لە لووتکەی ناوەندە تێرۆریستییەکانی جیهانە




پاش پەسندکردنی گەڵاڵەی گەمارۆکانی ئێران لە کۆنگرەی ئامریکا، دۆناڵد ترامپ ئەم گەڵاڵەی واژۆ کرد و بەمشێوەیە گەڵاڵەی ئاماژەبۆکراو چووە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان؛ گەمارۆ تازەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای تاوتوێکردنی لەلایەن کۆماریخواز و دێموکراتەکان لە کۆنگرەی ئامریکا بە زۆرترین دەنگ پەسەند کرا و بە واژۆ کردنی ترامپ، سەرکۆماری ئەم وڵاتە گەیشتە قۆناغی کۆتایی.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی ئاگوستی ٢٠١٧ی زایینی دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئامریکا، لەبەر "یەکگرتوویی نەتەوەیی" ئامریکا گەڵاڵەی گەمارۆی ئێران، ڕووسیە و کۆرەی باکوری واژۆی کرد و بەم چەشنە گەڵاڵەی ئاماژەبۆکراو چووە قوناغی کردەکییەوە.

لەم گەڵاڵەدا کە هەنووکە باری یاسایی هەیە، ئەو کەس و نیهادانەی کە تۆمەتبارن بە پێشێل کردنی گەمارۆکان بەتایبەت فرۆشی چەک وچۆڵی سەربازی بە ئێران یان لەبواری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکووتی چالاکانی سیاسی و کەمینە مەزهەبی و نەتەوەییەکاندا چالاکن دەکەونە خانەی تەحریمەکانەوە.

بەپێی زانیارییەکان پاش واژۆکردن و ئیجراکردنی ئەم یاسایە دەبێ سەرکۆماری ئامریکا لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا هەندێک تەحریم و گەمارۆ لەدژی سپای پاسداران، بەرپرسان، نوێنەران و ئەو کەسایەتیانەی کە لە دەرەوەی ئێران سەر بە سپای پاسدارانن دیاری بکات.

بەم پێیەش هەنووکە دادگاکانی ئامریکا دەتوانن مڵک و دارایی ئەو کەسانە زەوت بکەن کە پێوەندییان بە بەرنامەی مووشەکی سپای پاسدارانەوە هەیە یان دەستیان هەیە لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە گەمارۆکان دژکردەوەی زۆری نیشان داوە و هەڕەشەی لە ئامریکا کردووە، بۆ نمونە فەرماندەی سپای تێرۆریستی پاسداران و بەرپرسی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران هوشداریان دابوو کە ئەگەر گەمارۆکان پەسند بکرێن، ئامریکا بنکە نیزامیەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا دەخاتە مەترسییەوە و دەبێ تا قووڵایی هەزار کیلۆمێتری بنکەکانی خۆی لە سنوورەکانی ئێران دوور بخاتەوە.

هەروەها حەسەن روحانی سەرکوماری ڕێژیم باسی لەوە کردبوو کە گەمارۆکان بەدژی پەرەسەندنی هێز و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدایە.

لەلایەکی دیکەشەوە عەباس عێراقچی، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٥شەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ، پاش واژۆکردنی ئەم گەڵاڵە لەلایەن ترامپەوە، ئامریکای بە پێشێل کردنی بەرجام تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند: کۆماری ئیسلامی تۆڵەی خۆی لە ئامریکا دەکاتەوە.

عێراقچی وتوویەتی: بە باوەڕی ئێمە ئەم هەوڵەی ئامریکا واتە تەحریم کردنی بەرنامەی مووشەکی سپا پیشێل کردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانە و لەتۆڵەی ئەم کارە لە کاتی خۆیدا تۆڵە دەکەینەوە.

لەبەرامبەر ئەم قسانەدا، کاترین ڕێی وتەبێژی بەرپرسی سیاسەتی دەرەکی یەکیەتی ئۆرووپا ڕایگەیاندووە کە تەحریمە نوێیەکانی ئامریکا هیچ پیوەندییەکیان بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و ڕیککەوتن نامەی بەرجامەوە نییە و ئامانجەکەی مووشەکە بالیستیکەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشێل کردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانییەکانی تاران لە گرووپە تێرۆریستییەکانە.

بە وتەی عەباس عێراقچی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مەجلیسی ڕێژیم وەک دژکردەوە بەرامبەر بەم یاسا نوێیەی ئامریکا گەڵاڵەیەک لەمەڕ دانی سەلاحیەت و دەستڕۆیشتوویی سپای پاسداران پەسند دەکات.

هەر لەو کاتەدا چوار زلهێزی جیهان لە نامەیەکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆیان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و نەخشی نەرێنی ئێران لە ناوچە و جیهان دەربڕی.

ئامریکا، ئاڵمان، بریتانیا و فەڕانسە لە نامەیەکدا بۆ شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایانگەیاند: تاقیکاری مووشەکی سیمۆرغی ئێران بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکان و پێشێل کردنی بڕیارنامەکانی شۆرای ئەمنیەتە و دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچە.

لەم نامەیەدا کە نیکی هیلی، نوێنەری ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە نوێنەرایەتی لەلایەن ئەم چەند وڵاتەوە واژۆی کردووە هاتووە: سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ تاقیکاری مووشەکی هەوڵێکی هەڕەشەئامێز و دنەدەرانەیە.

لەم نامەیەدا پێداگری کراوە کە ئەم مووشەکە نوێیەی ئێران توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی هەیە، هەر بەم هۆیەشەوە دژ بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنیەتە کە ٢ ساڵ لەمەوپێش بۆ تەئیدی کۆتایی ڕێککەوتن نامەی ناوکی پەسند کرابوو.

ڕێکەوتی ٥ی گەلاوێژ کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: لە بنکەی سەربازی خومەینییەوە مووشەکی سەتەلایتهەڵگری سیمۆرغی بۆ بۆشایی فەزا ناردووە؛ دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دەوڵەتی ئامریکا دژکردەوەی پیشان دا و ٦ کۆمپانیای بەستراوە بە گرووپی سەنعەتی "هێمەتی" خستە لیستەی تەحریمەکانییەوە.

هەر لەو کاتەشدا وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێکەوتی ٦ی گەلاوێژ خولێکی نوێ لە گەمارۆ ئابوورییەکانی، لە چوارچێوەی بەرنامە مووشەکییەکانی ئێران، لەدژی کۆماری ئیسلامی پەسندکرد.

## پەیڤ

### دۆستی خەباتێک

### کەریم پەروزی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری بەناوبانگی مێژوو ، کریس کوچرا کۆچی دوایی کرد کە نەک تەنیا بنەماڵەکەی، بەڵکوو بەهۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کەسانی نەتەوەی دیکە جیا لە نەتەوەکەی خۆی بۆ مەرگی ئەو کەسایەتییە داخدار بوون.

ژیان و ڕەوڕەوەی تێپەڕاندنی تەمەن بۆ هەموو کەسێک لەم دونیایە بە هەر شێوازێک بێ دەچێتە پێش و بە میلیۆنان کەس لەدایک دەبن و بە میلۆنان کەسیش دەمرن. هەر تاکێکیش لە ژیانی خۆیدا بە ئاوات و خولیاکانی تایبەت بە خۆی دەژی و وەکوو تاکێک ڕەنگە جیاوازییەک لە نێوان ژیانی کەسەکاندا نەبینرێ و هەموو وەکوو یەک چاو لێ بکرێن، بەو مانایە کە بگوترێ ژیانی هەموو کەس لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات و هەندێک ڕووداوی بەرەوڕوو دەبێتەوە و هەندێک شت لە ژیانی دێنە پێش و دوایەش لە خاڵێکدا ژیانی بە کۆتایی دەگات.

بەڵام لەو نێوەدا هەندێک کەس هەن کە ژیانەکانیان تایبەتی دەبێتەوە و لە نێو ملیۆنان ژیاندا، ئەوان ناودار دەبن و خەڵک یادیان دەکاتەوە، ئەوان ئەو کەسانەن کە ژیانیان بە ڕەوتی ئاسایی تێ ناپەڕێنن و لە ژیاندا ریسک دەکەن یان بە داهێنانیان ڕەنگێکی تایبەتی بە ژیانی خۆیان و ڕەنگە بە ژیانی هەزارانی دیکەش ببەخشن.

لە نێو ئەوانەشدا هەن کەسانێک وەکوو کریس کۆچێرا کە سنووری ژیانیان، بەرتەسکی تێدەپەڕێنێ و سنووری نێوان نەتەوەکانیش دەبەزێنێ. لە کۆتاییدا نەتەوەیەکی دیکە بەداخەوە دەڵێ کە دۆستێکی نەتەوەکەمان کۆچی دوایی کرد. ژیانی کۆچێرای دۆستی کورد، ئەو ژیانە بوو کە دەنگی نەتەوەی کوردی بە گوێی جیهان گەیاند و لە لاپەڕەکانی مێژووشدا تۆماری کرد بۆیە کورد بۆ کۆتایی وەها ژیانێک خەمبارە.

لەلایەکی دیکەوە ژیان و دۆستایەتی کریس کۆچێرا ڕەهەندێکی گرنگی دیکەی هەیە کە ناکرێ ئاماژەی پێ نەکرێ؛ ئەویش ئەو ڕەهەندەیە کە کەسانێک لە نێو نەتەوەی کورددا هەوڵیان داوە کە کەسێکی وەکوو کۆچێرا بکەن بە دۆستی نەتەوەی کورد.

لە ئاست پێوەندیی نێوان نەتەوەکانی دونیادا ڕەنگە بە هەزاران نموونە بووبێ و دووبارەش پێش بێتەوە کە کەسێک ببێ بە دۆستی نەتەوەیەکی دیکە؛ هەروەها بە سەدان و هەزاران ڕۆژنامەنووس و راپورتنێری میدیایی سەردانی وڵاتانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی مستەفا هیجری بە بۆنەی کۆچی دوایی کریس کوچرا



مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کریس کۆچرا پەیامێکی هاوخەمی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

یادی کریس کوچرا لە دڵماندا زیندوو دەمێنێتەوە

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ کریس کوچرا کۆچی دوایی کرد.

کوچرا تەمەنێکی زۆری لە ڕێگای سەفەر بۆ کوردستان و مانەوە لە ناو خەڵکی کوردستاندا تێپەڕ کرد ولەو سەفەرانەدا لەگەڵ ڕێبەری ناوداری کورد د. عبدوالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا دەبێ، و ئەو ئاشنایەتییە شوێندانەری قووڵ لە سەر کوچرا دادەنێ بۆ ناسینی کورد، نووسین لەسەر کورد و ئەوجارە ناساندنی کورد و خەباتەکەی بە خۆرئاواییەکان لەو سەردەمانەدا کە کورد لە جیهاندا وەک نەتەوەیەکی نەناسراو و پەراوێز خراو بوو.

ئاشنا بوونی کوچێرا لەگەڵ د. قاسملوو بوو بەهۆی ئەوەی کە ئۆگرێکی تایبەتی بە خۆرهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیدا بکا. ناوبراو بێجگە لە وتار و بابەتەکانی لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئورووپا بەتایبەت فەرانسە و، ئامادە بوونی لەدەیان کۆڕ و سیمینار لەسەر کورد، چەندین کتێبی لەو پێوەندییەدا نووسیوە و بەم شێوەیە خزمەتێکی گەورەی بە دۆزی کورد کردووە.

بە کۆچی دوایی کوچێرا کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات دۆستێکی خۆرئاوایی وەفاداری لەدەستدا، بەڵام یادی ئەم پیاوە کورد دۆستە و خزمەتەکانی بە کورد لەبیر هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر ناچێتەوە.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی بەتایبەت " ئیدیت" ی هاوسەری دەکەم کە لە کارەکانیدا یارمەتیدەرێکی بە توانای کوچرا بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان



مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بەرێ کرد.

دەقی پەیامەکە:

بەڕێز / کاک عومەر سەید عەلی
ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان
وێڕای سڵاو و حورمەت

بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش دەکەین و هیوادارین کە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانتاندا سەرکەوتوو و سەربەرز بن.

ئێمەش وەک باقی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان چاوەڕوانیمان ئەوەیە لەو بەرپرسایەتییە گرنگەدا وەک دەرفەتێک کەڵک وەربگرن بۆ پێکهێنانی یەکریزی کورد لە باشوور و یارمەتیدان بۆ چارەسەری ئەو قەیرانانەی لەو بەشەی کوردستاندا بەرەڕوویان بووەتەوە، بە تایبەت قەیرانی سیاسی.

لەم هەلومەرجەدا کە باشووری کوردستان بەرەو گشتپرسی بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دەچێ و دوژمنانی نەتەوەکەمان لە پیلانی لەباربردنی ئەو هەنگاوە گرنگ و مێژووییەدان، بزووتنەوەی گۆڕان بە بەرپرسایەتی بەڕێزتان و باقی هاوڕێیانتان دەتوانێ دەوری گرنگ لەم راستایەدا بگێڕێ، هیوادارین لەو برگە مێژوویی و هەستیارەدا بە وشیاری لە پێناو بەرژەوەندییەکانی نیشتماندا هەنگاو هەڵبگرن.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٤ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی

# پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان بە بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووهەمی خۆی دەست پێکرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی گۆنگرەی دووهەمی پاڕتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی لە سەر بانگێشتی فەرمیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی دووهەمی پاڕتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان لەژێر دروشمی "سەربەخۆیی بۆ کوردستان و بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی" ئامادە بوون و پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەو بۆنەوە بە سکرتێر و سەرکردایەتی ئەم پارتە گەیاند و هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرەی پاڕتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان خواست.

هەروەها لەو مەڕاسمەدا، دەستپێکی ئەو کۆنگرەیە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرایەتی وشاندی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوەچوو و نوێنەری حیزب لەم ڕێوڕەسمەدا، دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەل بەشێک لە هەیئەتی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی بەشداری کۆنگرە و کەسایەتی نیشتمان پەروەرەکان کرد.

# پێشمەرگەکانی نێو شار بەرەوڕووی سپای پاسداران بوونەوە




تیمێک لە "هێزی پێشمەرگەی نێوشار" سەربە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە بۆسەیەکی هێزەکانی سەر بە سپای پاسداراندا کەوتن و لەو دەرگیرییەدا زەربەیان لە هێزی رژیم دا.

شەوی شەممە لە سەر یەکشەممە، ١٤ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، کاتژمێر ١١ی شەو تیمێک لە "هێزی پێشمەرگەی نێوشار" سەربە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی ئەنجامدانی گەشت و مەئمووریەتێکی حیزبیدا، کەوتنە نێو بۆسەیەکی هێزەکانی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی سەر بەو سوپایە و لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای پاسداراندا تێکهەڵچون رووی دا.

لەو تێکهەڵچوونەدا کە لە شاری پیرانشار ڕووی دا، تیمی پێشمەرگەکانی نێوشار زەربەیەکی بەرچاویان لە هێزەکانی ڕێژیم دا.

زانیاریی وردتر لەوبارەیەوە دوایە بە ئاگاداریی ڕای گشتی دەگەیەندرێ

# کریس کوچرا ڕۆژنامەوان و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد



ڕۆژنامەوان، نووسەر و دۆستی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،کریس کوچرا لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد.

دوای سێ ڕۆژ لە کۆچی دوایی کریس کوچرا، گیان لە دەستدانی ئەو ڕۆژنامەنووس و کورد دۆستە لە لایەن "ئێدیت کۆچەرا"ی هاوسەرییەوە پشتڕاست کرایەوە.

کریس کۆچەرا بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەلی کورد و خستنەبەرباسی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد تەرخان کرد بوو و لەوبارەوە کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی مێژووی جیهان و گەلی کورد کردووە.

ئەو ڕۆژنامە نووسە فەرانسییە، دۆستی گەڵی کورد بە گشتی و دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بووە.

بەپێی نووسیەنەکانی خۆی، تێفکرینی قاسملوو هێندە کاری لێ کردووە کە نەک هەر وەک ڕۆژنامەنوسێک بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بە بیروڕای جیهان کار بکات، بەڵکوو هەوڵیشی داوە لە بواری مێژووی کوردیشەوە بابەت بنووسێ و بەهۆیەشەوە زیاتر لە پێنج کتێبی لە سەر مێژووی کورد نووسیووە کە بریتین لە:

بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، ساڵی چاپ ١٩٧٩

- ئالەنگاری کورد و خەونی سەربەخۆیی، ١٩٩٧
- کوردستان، ڕێبەری ئەدەبیات، ١٩٩٨
- کتێبی ڕەشی سەدام حسێن، ٢٠٠٥
- چیرۆکی مێژووی کوردستان، ٢٠٠٧

ئەو نووسەرە بەناوبانگە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە دایکبووە و یەکێکە لە توێژەرانی ناوداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی پرسی کورد.

کوچرا لە سەر مەسەلەی بزاڤی میللی-دێموکراتیکی گەلی کورد بێجگە لە نووسینی چەندین کتێب، دەیان سیمینار و ڕێپورتاژ و ڕاپۆرتی ساز کردووە.

# کوردی نوێنەر، نوێنەری کورد




**د. ئیدریس ئەحمەدی**

لەپێوەندی لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی دووهەمی حەسەن ڕوحانی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، لە هاوینی ئەمساڵدا چەند ڕاگەیاندنێکی کوردی بابەتی "دیاریکردنی وەزیری کوردی سوونەیان" وروژاند. لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ ماڵپەڕی "زەیتون"، سادق زیباکەلام، ئاکادێمیسییەنی فارس، پشتیوانی خۆی بۆ دیاریکردنی وەزیری ژن، کورد و هەروەها پەیڕەوانیی مەزهەبی سوونە لە کۆماری ئیسلامیدا، دەربڕی. هاوکات، زیباکەلام گومانی خۆی دەربڕی لەوەیکە ڕوحانی کارێکی وا بکات، بەڵام پێی وایە دواجار و لە ڕێگای گوشارهێنانەوە، ژن، کورد و پەیڕەوانیی مەزهەبی سوونە بتوانن بگەنە پۆستی وا لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا. لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا، دواهەواڵ لەو بارەوە ئەو بوو کە ڕوحانی یەکێک لە بەڵێنییەکانی خۆی شکاندووە و تەنیا باسی لەوە کردووە کە ڕەنگ بێ "کوردی سوونە" وەک جێگری وەزیر دیاری بکا. لەگەڵ ئەوەیکە وروژاندنی ئەم مەسەلەیە، کە لە تیۆری سیاسیدا وەک پرسی "نوێنەرایەتیی" ناسراوە، بە ڕواڵەت وەک کرانەوەیەک ڕوو بە کورد دێتە بەرچاو بەڵام دانانی کورد لە پۆستی وەزارەتدا، لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ.

ڕاستییەکەی، وەزیری کوردمان لە ئێراندا هەیە. بیژەن نامدار زەنگەنە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە وەک جێگری وەزیر، دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ بە دواوە لە چەندین کابینەدا وەزیر بووە. هەڵبەت کوردبوونی ناوبراو کەمتر کراوە بە بابەتی تەبلیغات بۆ کۆماری ئیسلامی. ڕەنگ بێ کەسانێک هەبن ئەمە بۆ شیعەبوونی ناوبراو بگەڕێننەوە. هەڵبەت کەیسی زەنگەنە دەیسەلمێنێ کە؛ یەکەم، ناوبراو نوێنەرایەتی کورد ناکات؛ دووهەم، وەفاداری وی بە کۆماری ئیسلامییە، نەک بە گەلی کورد یان پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە لە کوردستان؛ سێهەم و لە هەمووان گرینگتر، شیعەبوونی ناوبراو ئەوە ناگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی تەنیا کێشەی لەگەڵ "کوردی سوونەدا" هەیە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئەوە دەسەلمێنێ کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گشت کورددایە، بە سوونی و شیعە و یارسانەوە. ئەگەر وا نەبایە، دۆزی "کوردی شیعە" دەبوا باشتر بوایە لە دۆزی باقی کوردەکان. کەوابوو، دیاریکردنی "کوردی سوونە" وەک وەزیر یان جێگری وەزیر نەک هێچ گۆڕانێک پێک ناهێنێ، بەڵکوو دەبێتە خۆراکی تەبلیغاتی بۆ کۆماری ئیسلامی.

هەروەک چۆن کۆماری ئیسلامی کەڵک لە هەڵبژاردن وەردەگرێ بۆ ئەوەی بڵێ پشتیوانیی خەڵکی کوردستانی هەیە، بە دیاریکردنی کوردی نوێنەر لە ئاست وەزارەتەکاندا، دەتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە لە ئێراندا، نوێنەری کورد بوونی هەیە. لە حاڵەتێکی وادا، بوونی کوردی نوێنەر بە شێوەیەکی دزێو نەبوونیی نوێنەری کورد دادەپۆشێ.

ڕاستییەکەی، تەنیا ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بگەن بە سازان، چ "ڕیفۆرمیست" بن یان "پراگماتیست"، خولیای ئەوەیان هەیە کە لە کۆماری ئیسلامیدا کورد بتوانێ نوێنەری هەبێ. نێوهاوێشتنی کوردی نوێنەر و هاوکات دەرهاوێشتنی نوێنەری کورد لە قەوارەی کۆماری ئیسلامیدا، دەرکەوتێکی کاتی و سنووردار نییە، بەڵکوو بێ ئەملاوئەولایە. ئەمەش بەند نییە بە سیاسەتی ئەم باڵ یان ئەو باڵی کۆماری ئیسلامییەوە، یان ناکامڵبوونی پڕۆسەی "ڕیفۆرمەوە" یان ئەوەی "ڕیفۆرمیستەکان" لە ترسی "توندڕەوەکان" نەوێرن خۆیان لە مەسەلەی کورد بدەن، بەڵکوو لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری ناسیۆنالیزمی فارس/ئێرانی. تاکوو ئەوکاتەی بەرژەوەندی نەتەوەی فارس پێناسە نەکرێتەوە و سیاسەتی نکۆڵی کردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد کۆتایی پێ نەهێندرێ، کورد لە فۆڕمی جیاوازدا هەر ژێردەست و چەوساوە دەمێنێتەوە. خۆ بە گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران پاش شۆڕشی لە ساڵی ١٩٧٩، ستراتێژیی دەوڵەت بەرانبەر بە کورد نەگۆڕاوە.

لە گەڵ ئەوەش، ئەم مەسەلەیە دەبێ گرنگی پێ بدرێ. سەرباری بەکاربردنی هەڵبژاردن وەک کەرەستەیەکی تەبلیغاتی دژ بە بزووتنەوەی کورد، لەمەوبەدوا کۆماری ئیسلامی کوردی نوێنەریش دەکات بە کەرەستەی پڕوپاگەندە، بۆیە پێویستە ئەو سیاسەتە هەر لە ئێستاوە لەقاو بدرێ.

سەبارەت بە روخساربەندیی مەسەلەکە، دەربڕینێک وەک "وەزیریی کوردی سوونە"، کە لەلایەن هێندێک چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوانی کوردەوە بەکار دەبرێ، لە ڕاستای پاراستنی بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستیی و تایەفەگەرییەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بە زەرەری بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە مەزهەبی شیعە و سوونەن، کۆماری ئیسلامی بەردەوام کاری بۆ پێکهێنانی بۆشایی و ناکۆکیی لە نێوان کوردی سوونە و شیعەدا کردووە. گوتاری کۆماری ئیسلامی، تایەفەگەریی دەکات بە بنەما بۆ ناسنامەی کورد، لەکاتێکدا کورد هەر مەزهەبێکی بێ، لە بەر کوردبوونی لە ئێران دەچەوسێندرێتەوە. گریمانەیەکی دیکەی جێگای پرسیار ئەوەیە کە ئایین بە سەر کوردستاندا زاڵ بێ، لە کاتێکدا دەزانین کە ڕەوتی زاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، هەم لە مێژوودا و هەم لە ئێستادا، لەگەڵ جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵاتی سیاسی و هاوکات لەگەڵ ئازادی دینداران گونجاو بووە. ئەو کوردانەی بەو جۆرە مەسەلەکە روخساربەندی دەکەن، بە مەرجی گوتاریی کۆماری ئیسلامی دەجووڵێنەوە.

هەڵبەت ڕەنگ بێ کەسانێک هەبن کە دیاریکردنی کورد وەک وەزیر یان جێگری وەزیر لە کۆماری ئیسلامیدا، دیسان وەک پێشکەوتنێک ببینن؛ بۆ نموونە، زیباکەلام نەبوونی وەزیری ژن، کورد و پەیڕەوانی مەزهەبی سوونە بە "کەمووکوڕییەکی مەدەنیی و نزم بوونیی ئاستی گەشەسەندنی سیاسی" لە کۆماری ئیسلامیدا لە قەڵەم دەدات. ناوبراو ئەو مەسەلەیە گرێ دەداتەوە بە گەشەسەندنی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، یان بە واتایەکی دیکە، دواکەوتوویی سیاسیی ئەو ڕێژیمە. زیباکەلام لەو پەیوەندییەدا هەم هۆکار و دەرکەوت تێکەڵ دەکات، هەمیش خۆی لە بابەتی نوێنەرایەتی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو مەسەلەوە هەیە کە وروژاندویەتی، دەدزێتەوە.

نەبوونی ژن، کورد و پەیڕەوانیی مەزهەبی سوونە لە پۆستی وەزیردا دەکرێ ئاکامی دواکەوتوویی سیاسی کۆماری ئیسلامی بێ، بەڵام "گەشەسەندنی سیاسی" - کە ناوبراو نە پێناسەی دەکا و نە ڕادەکەیی بۆ مەبەستی دیاریکراو دیاری دەکا - لەخۆیدا نابێتە هۆی چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی وا. ئەگەر سویس وەک نموونە بێنینەوە، پێش ئەوەی ببێ بە وڵاتێکی دێموکراتیک، لە لە چوارچێوەیی سیستەمێکی فێدراڵدا، مەسەلەی تایەفەیی و نەتەوایەتییان چارسەرکردووە، کەچی دانی مافی دەنگدان بە ژن لەو وڵاتەدا، تاکوو ساڵی ١٩٧١ی خایاند. وڵاتی واشمان هەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی سەندووە، بۆ نموونە سەنگاپور، بەڵام دێموکراتیک نییە. یان ئەگەر خودی ئێران وەک نموونە بێنینیەوە، دەکرێ بڵێین ئێرانی سەردەمی شا لە کۆماری ئیسلامی "گەشەسەندووتر" بوو، چوونکە ئەو زوڵمەی کە ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا لە ژن دەکرێ، ئەوکات بە بەراوەرد لەگەڵ ئێستا کەمتر بووە. هەڵبەت وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ستراتێژی دەوڵەتی ئێران و نەتەوەی فارس بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، بە گۆڕینی ڕێژیم نەگۆڕدراوە، بەڵکوو هەر لە جێی خۆیەتی. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێ بە پێوەر بۆ "گەشەسەندنی سیاسیی"، ئەوجا دەبێ بڵێین کۆماری ئیسلامی "گەشەسەندووترە" لە ئێرانی پاشایەتی. ئەم تێبینییانە نیشانی دەدەن کە "گەشەسەندنی سیاسی" لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، باسی جیدی هەڵدەگرێ و ناکرێ بکرێ بە بنەما، نە لەڕووی تیۆرییەوە و نە لەڕووی سیاسییەوە، بۆ چارەسەرکردنی. تەوەری نوێنەرایەتی، بنەمایەکی باشترە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە تیۆری سیاسی و زانستی سیاسیدا، خاڵی دەسپێکی ئەو باسانەی کە لەسەر نوێنەرایەتیی دەکرێن، جیاکارییەکە کە "هانا پیتکین" لە بەرهەمێکی گرنگدا لە ساڵی ١٩٦٧، هێنایە ئاراوە. پیتکین چوار جۆر لە نوێنەرایەتیی لێک جیا دەکاتەوە؛ نوێنەرایەتی فەرمی، نوێنەرایەتی پێکهاتەیی (descriptive representation)، نوێنەرایەتی جەوهەری (substantial representation) و نوێنەرایەتی هێمایی یان سیمبۆلیک.

جۆری یەکەمیان پەیوەستە بە بنەما دەستووری و دامەزراوەییەکانی نوێنەرایەتی لە هەر سیستەمێکی سیاسی دیاریکراودا. لە کۆماری ئیسلامیدا، دەستوور و دامەزراوەکان نەک تەنیا بەشێوەیەکی سیستەماتیک زۆرینەی دانیشتوانی ئێران - ژنان، گەلی کورد، ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن و پەیڕەوانی مەزهەبیی سوونە - دەردەهاوێژن، بەڵکوو دەسەڵاتیان لە دەستی وەلی فەقیهدا کۆکردووەتەوە. بەو بۆنەوە، لەو سیستمەدا، دامەزراوە کۆمارییەکان ڕووکەشن تاکوو واقیعی بن. کەوابوو، لە پلەی یەکەمدا، نوێنەرایەتی گەلێک وەک گەلی کورد یان ژنان لە ئێراندا، لەگەڵ بەربەستی دەستووری و دامەزراوەیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ جۆری دووهەمیان، واتە نوێنەرایەتی پێکهاتەیی، دەکرێ ئاوا شی بکرێتەوە کە ئایا ڕادەی نوێنەری توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا لە پارلمان یان لە حکومەتدا، بەرێژەی پشکی خۆیەتی لە دانیشتوانی وڵات یان نا؟ بەو پێیە، جێگای ئاماژەیە کە لە ئێراندا، نوێنەرایەتیی ژنان، کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی غەیرەفارس و هەروەها پەیڕەوانی مەزهەبی سوونە، لە مەجلیس و دامەزراوەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی و لە حکوومەتدا، یەکجار کەمە یان هەر نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر بەربەستە دەستووریی و دامەزراوەییەکان لە شکڵی نوێنەرایەتیی فەرمیدا، کە بەنۆرەی خۆی ڕەنگدانەوەی پێناسەی باوە لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس و لە تایفەگەرایی کۆماری ئیسلامیدا.

بە بۆچوونی هانا پیتکین، گرینگترین شێوە لە نوێنەرایەتیی، نوێنەرایەتیی جەوهەرییە، چوونکە ئەگەر بێتو، بۆ نموونە، پەسەندکردنی قانوون لە پەرلەمان یان سیاسەتەکانی حکوومەت لە وڵاتێکی دیاریکرداودا لە بەرژەوەندیی ژنانی ئەو وڵاتەدا بێ، ئەوا لە نوێنەرایەتی لە شکڵی پێکهاتەییدا گرنگترە. دەکرێ توێژێک لە کۆمەڵگا لە ڕووی پێکهاتەییەوە نوێنەرایەتی بکرێ لە پەرلەمان و حکوومەتدا، بەڵام ئەگەر نوێنەرانی نەتوانن یان ڕێگایان پێ نەدرێ کار بکەن بۆ دانانی قانوون و سیاسەت بە پێی بەرژەوەندی ئەو توێژە، ئەوا سنوورداربوون یان تەنانەت بێ سوودبوونی ئەو شێوە لە نوێنەرایەتی ڕوونە.

لاوزترین یان تەنانەت خراپترین شێوە لە نوێنەرایەتی دەتوانێ لە شکڵی هێماییدا بێ. بۆ نموونە، لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، دەکرێ ئاڵای وڵات ڕەنگدانەوەی هێمای ئەو نەتەوانە بێ کە لە چوارچێوەی وڵاتدا دەژین، بەڵام هەروها دەکرێ ئەندام پەرلەمان یان وەزیرێک بگرێتەوە کە بە شێوەی هێمایی نوێنەرایەتی توێژی خۆی یان خۆیان دەکەن. لە نموونەی ئاڵا لە وڵاتی فرەنەتەوە بەدەر، کە نموونەیەکی ئەرێنییە، نوێنەرایەتیی لە شکڵی هێماییدا دەتوانێ بەکاربردرێ بۆ داپۆشانی نایەکسانی سیاسیی، پەیوەندی باڵادەست و ژێردەست، یان ئەوەی بکرێ بە خۆراکی تەبلیغات بۆ خۆدزینەوە لە دابینکردنی نوێنەرایەتی پێکهاتەیی و جەوهەری.

وردبوونەوە لە پێشنیارەکەی زیباکەلام نیشانی دەدا کە ناوبراو لە گەڵ ئەوەی خۆی لە باسی نوێنەرایەتیی دەدزێتەوە، بەڵام خوازیاریی نوێنەرایەتی هێماییە بۆ ژنان، کورد و سوونە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا. هاوکات نوێنەرایەتی پێکهاتەیی رەت دەکاتەوە و لەو بارەوە دەبێژێ: "من ناڵێم چوونکە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پەیڕەوانی مەزهەبی سوونە و کوردەکان دەنگیان بە ڕوحانی داوە، کەوابوو دەبێ لە حکوومەتدا پشکیان هەبێ، بەڵکو نەبوونی حزووری ئەم توێژانە لە وەزارەتەکانی حکوومەتی ڕوحانیدا، دەرخەریی کەمووکوڕییەکی مەدەنی و نزمبوونی ئاستی گەشەی سیاسییە."

کەوابوو، تەنانەت کەسێک وەک زیباکەلامیش، کە لە حکوومەتدا نییە، ڕوانگەیەکی ئامرازیی بۆ مەسەلەکەیە هەیە و پێشنیارەکەی دواجار بێجگە لە نوێنەرایەتیی هێمایی، کە ئەویش بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە، هێچی دیکە لە خۆ ناگرێ. سەرباری ئەو تەزادانەی کە لە سەرەوە باس کران، ناکۆکییەکی دیکەی پێشنیارەکەی زیباکەلام لەوەدایە کە دان بەوەدا دەنێ لە کۆماری ئیسلامیدا کورد "زووڵمی ساختاریی" لێ دەکرێ، کە چی خۆی لە نوێنەرایەتی پێکهاتەیی و جەوهەریی نادا.

ئەگەر کورد بیەوێت لە ئێراندا نوێنەرایەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکا، دەبێ تێبکۆشێ بۆ نوێنەرایەتی پێکهاتەیی و جەوهەریی. ئەوەش پێویست بە زەمینەی لەبارە لە ئاست نوێنەرایەتیی فەرمیدا، کە بە نۆرەی خۆی پێویستی بە گۆڕینی ڕێژیم و کۆتایی هێنان بە نکۆڵیکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردە. بۆ ئەوەی کورد و باقی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێراندا نوێنەرایەتیی جەوهەریی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، پێویست بە جێکەوتنی سیستەمێکی فێدراڵی دێموکراتیکی فرەنەتەوە دەکا.

تاکوو ئەوکات، گرنگە کورد یارەمەتیدەری کۆماری ئیسلامی نەبێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای کوردی نوێنەرەوە، غایببوونی نوێنەری کورد بشارێتەوە یان ئەوەی خەڵکی نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانی پێ فریو بدا.



# ئیدئۆلۆژیی تاکڕەوانە و بەرژەوەندیی گشتی لە ئێران

کەیوان درودی

لە بابەتە هەرە ئاڵۆزەکانی پرسی کۆمەڵگە ـ سیاسەتی سەردەم، پەیوەندیی نێوان بەرژەوەندیی گشتی (میللی) و ناوەڕۆکی سیاسەتی حکوومەتەکان بەتایبەت لەرووی دەرەکی بووە لە پانتایی وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ڕەنگە گرینگترین لایەنی ئەم بابەتە پارادایمی هاوچەرخی بەرژەوەندیی میللی (national interest) بێت. لە ئێستادا کە گلۆبالیزم پەرەی سەندووە و پەیوەندیی نێونەتەوەیی ڕۆژلەدوای ڕۆژ چڕتر دەبێتەوە، دەوڵەتەکان بەرپرسیارن لەوەیکە لە سیاسەتیاندا پێخواستەکانی بەرژەوەندیی گشتی لە بەرچاو بگرن. پێش لە ساڵی ١٩٩٠ کە گۆڕەپانی سیاسیی گشتیی جیهان کەوتبووە نێو کێبڕکێی دووجەمسەری و هێشتا سەقامگیرییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر جیهاندا و بەپێڕەوی ئەوەش وڵاتدا نەکێشابوو، سیاسەتی دەرەکی زیاتر لەژێر کاریگەریی گەمەکەرانی مەزندا بوو و هەر بەو بۆنەشەوە بەشێکی سەرەکی لە ڕوانین و داڕشتنی سیاسەت دەگەڕایەوە سەر دۆخێکی جەبریی سەپێندراو. بەڵام وردەوردە بە کۆتاییهاتنی ئەو دۆخە و جێگیر بوونی سەقامگیرییەکی ئەوتۆ، وڵاتان لە سیاسەتیاندا دەست ئاوەڵاتر بوون و گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی ناوخۆیی و بەپێی داواکارییە گرینگ و حەیاتییەکان نێوئاخنی سیاسەتی خۆیان دیاری کرد. لێرە جێی خۆیەتی کە گرینگیی ئەوەش لەبیر نەکرێ کە شێوازی مامەڵەی خەڵک و دەسەڵات لە ناوخۆ لەسەر چۆنییەتی و چەندایەتیی ئەم کردارە شوێندانەر بووە. بەر لە گشت شتێک، دەبێ جیاوازییەکی گەورە دابنێین لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتوو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئورووپاییەکان کە لە سەدەی پانزدە بەملاوە بە شۆڕشی پیشەسازی، جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت (سێکۆلاریزم)، هەنگاونان بەرەو دەوڵەتی خۆشبژێوی، هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراسی توانییان لە ڕووی ناوخۆیی ماکزیمۆمی تەعامولی تەندروست لە نێوان خەڵک و دەسەڵات جێگیر بکەن، دەوڵەت سنووردار کرایەوە و چەمکی دەوڵەتی یاسا هاتە کایەوە. هێزی دادوەری سەربەخۆ کرا و پارلەمان بوو بە نوێنگەی ئیرادەی خەڵک. بەڵام لەملاتر و لە ئاسیا جگە لە هەندێک وڵاتی هەڵکەوتوو وەک ژاپۆن و کورەی باشوور، وڵاتانی تر لەرووی مێژوویی ئەم بڕگە گرینگانەیان نەپێواوە. هەر بۆیەش سیاسەت و کۆمەڵگە بەردەوام لە ناکۆکی، دژبەیەکبوون و پێکدادان بەسەر دەبەن. بەڵام ئاخۆ جیاوازییەکان لە چیدان و خاڵە جەوهەرییەکانی حاکمییەتی پشتبەستوو بە ئیدئۆلۆژی چین کە وادەکەن هەوڵی یەکخستنی کۆمەڵگە و دەسەڵات نەزۆک و پەککەوتە بمێنێت؟

**بۆ گەیشتن بە ئەنجامگیرییەکی بابەتی و بەرهەست چەند خاڵی سەرەکی هەن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

- لە سیاسەتی ئیدئۆلۆژیکدا دەستەی حوکمران لەبەر چییەتی و ماهییەتی، وڵاتانی تر بەسەر دوو دەستەی نەگۆڕی دۆست و دوژمن دابەش دەکات، ئەمەش وادەکات کە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی خاوەن تێلۆرانس و سەیال لەسەر بنەمای ڕێزی بەرامبەر، خۆ ببوێرێ.
- نێوئاخنی ئیدئۆلۆژی بەجۆرێکە کە توانای گۆڕینی هەڵوێستی نییە، هەر بەو بۆنەشەوە ناتوانێ لەگەڵ تێپەڕینی کات و هاتنە ئارای ڕووداو و گۆڕانی بارودۆخ خۆی بگونجێنێ. بۆ نموونە لە پاش شەڕی جیهانیی دووهەمەوە کورەی باکوور دۆستەکانی لە ڕووسیە و چین تێنەپەڕیون و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ئیزۆلە بوون ڕۆشتووە، ئەویش لەبەر ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزم بووە کە لەخۆیدا هەڵگری پەیوەندییەکی بەرتەسکی سنوورداره.
- ئیدیۆلۆژیی لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا چەمک هەڵگر نییە لەرووی ناوخۆییەوە ناتوانێ سەرجەم پێکهاتەکان یەک بخا، یان ئەوەیکە داخوازی و خواستەکانی کۆمەڵگە بەپێی هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی لە سیاسەتیدا بگونجێنێ، بۆ نموونە ڕێژیمی ئێران تەنیا خۆی بە نوێنەری شیعەی اثنی عشری دەزانێت و بەو هۆیەشەوە لەرووی دەرەکیش بەرژەوەندییەکانی بەو پێیە دەدۆزێتەوە.
- بیری ئیدئۆلۆژیک لەبەر تایبەتمەندییەکانی، خویەکی دەمارگرژانە و بەریەککەوتنخوازی هەیە، ئەم بیرە لە کرداردا وادەکات کە قەیرانی دەرەکی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە گۆڕەپانی سیاسی کە ئەم دیاردەش لێکەوتەی لەسەر ڕەهەندی تەکووزیی نێوخۆیی هەیە لەبەرئەوەیکە زۆرینەی خەڵک ئەم شێوە کردارە نەک بە پێویست نازانن بەڵکوو بەپێچەوانەی ویستیانی لەقەڵەم دەدەن.

هەروەها بڕێک ڕەهەندی ناوخۆیی هەن کە وادەکات هەستی ئینتیمای گشتی بە وڵات ڕوو لە لاواز بوون بکات، لەوانە:

**سیاسەتی نکۆڵی لێکردن:**

ڕێژیمی ئیسلامی بە درێژایی نزیک بە چوار دەیە نەک هەر نەیتوانیوە کۆمبوونێکی گشتی پێک بێنێ، بەڵکوو بڕگەیاسا کاڵ و ڕووەکییەکانی خۆیشی بۆ لەسەریەک خستنەوەی پێکهاتەکانی ئەم جوغرافیا جێبەجێ نەکردووە، لەوانە: مافی خوێندن بەزمانی دایکی، مافی بەدەستەوەگرتنی بەڕێوەبەریی لەلایەن کەسانی خۆجێیی و هتد.. وەلانانی مێژوو، زمان و فەرهەنگی پێکهاتەکان لە سیستەمی پەروەردە و فێرکاری، ڕاگەیاندن، هەڵاواردنی ئابووری و هەڵاواردنی نژادی ـ مەزهەبی.

### چاوخشاندنێک بەسەر کارنامەی چوار دەیە حوکمڕانی ڕەهای ڕێژیمی ئێران

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە، شەڕی پرۆپاگاندا لەلای خومەینییەوە بەدژی وڵات و نەتەوەکانی تر دەستی پێکرد. گرینگترینیان هەڵخڕاندنی شێعەکانی عێراق بەدژی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بوو کە بە لەداردانی "محمدباقر صدر" گەیشتە ترۆپکی خۆی و لەئەنجامدا شەڕێکی پڕووکێنەر دەستی پێکرد. سادق قوتبزادە، وەزیری دەرەوەی ئەوسای ڕێژیم لە ڕاگەیەندراوێک ڕوو بە وڵاتانی موسڵمان دەڵێت: کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم کردەوە لەمەبەدوا ئیتر سازان و هەڵکردن لەتەک ئەم ڕێژیمە (بەعس عێراقی) بە ڕەوا نازانێت و بەرەوڕووبوونەوەی ئەم ڕێژیمە بە بەشێک لە سیاسەتی خۆی دژی ئیمپێریالیزم و سەهیۆنیزمی جیهانیی دادەنێت. بەم پێیە دەسپێکردنی شەڕێکی هەشت ساڵەی کاولکەر، تەنیا لەبەر تاقەهۆکاری شیعەگەرایی بووە. ئەمە بەروونی ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی کەمینەی خاوەن دەسەڵات بووە. سیاسەتی هەناردە کردنی شۆڕش ئەمە تاکتیکێک بح ڕووداو یان شەڕێک نەبووە، بەڵکوو ئیستراتیژییەکی هێرشبەرانە و ئیرادەگەرا بووە کە سەرجەم ڕەهەندەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری و هتد خستووەتە ژێر کاریگەریی نەرێنیی خۆی. خومەینی لە ڕستەیەکدا لە سەروبەندی شەڕەکەدا چییەتی ڕێژیمەکەی دەرخست و وتی: "شەڕ نیعمەتێکی خودایە"

- ڕوانینی ڕێژیم بۆ پێکهاتەی قەوارەی گشتیی کۆمەڵگە
- کۆماری ئیسلامی لە یاسای بنەڕەتیدا بەهیچ شێوازێک ئاماژەی بە فرەچەشنیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نێو ئێران نەکردووە.

دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دیمانەیەکیدا لەسەر گەیشتن بە ئەنجام لە دانوستان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بە ڕاشکاوی دەڵێ: "ڕێژیم لەبەر سێ هۆکار ئامادەی ئاشتی و ڕێککەوتن نەبوو: یەک، ئێمە دێموکراسیمان گەرەک بوو کە خومەینی دەیوت ئەمە لە ڕۆژئاواوە هاتووە و بەلای ئێمەوە جێی قەبووڵ کردن نییە، دوو، ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەویست کە لە فەلسەفەی بەناوئیسلامیی خومەینیدا نەتەوە جێگەیەکی نەبوو هەتا دان بە مافی خودموختاریدا بنێ و سێهەم کێشەی مەزهەبی و خەباتی چەکداریی ئێمە کە ئامادە نەبووین بچینە ژێر دەسەڵاتی زاڵی ڕێژیم."

لێرە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە دەسەڵاتێک کە ئامادەی دانپێدانان بە مەوجوودیەتیی پێکهاتەکانی نییە، چۆن دەتوانێ لە ڕووی ڕەوایی و کردارییەوە نوێنەرایەتیی گشتیی بکات؟ لەڕاستیدا کێشەی سەرەکی هەر لەوێوە دەست پێدەکات کە سەرجەم پێکهاتەکان کە بەشێکی ئۆبژەکتیڤن لە ئەرزی واقیع بۆ چەمکی ئۆبژەکتیڤی ئۆممەت دەسوێن. هەر لێرەشەوەیە کە ئەو ژێربێژییە وەڕاست دەگەڕێ کە نەبوونی کۆبەند و ئیجماعێکی ناوخۆیی وادەکات سیاسەتی دەرەکیش ڕەنگدانەوەیەکی نەبێت لە بەرژەوەندیی گشتی. بیردۆزان لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیاسەتی دەرەکی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانن. بەڵام کاتێ لەناوخۆ کەمینەیەک لە لووتکەی دەسەڵات بن و تۆتالیتاریزم زاڵ بێت، لەڕاستیدا پێشبینیی ئەوەیکە سیاسەتی دەرەکیش نوێنگەی ئەم تۆتالیتاریزم و نکۆڵی لێکردنە بێت، ئەستەم و دوور لە چاوەڕوانی نییە. هەروەک باسمان کرد ئیدئۆلۆژی لە خۆیدا، ناچەمکهەڵگر، بەریەککەوتنخواز، سەرەڕۆ و یەک هەناسە.

**لەم ڕیزبەندەی خوارەوە دەرهاویشتەکانی ئەم بنەما تیۆریکانە لەسەر کرداری ڕێژیمی ئێران، دەخەینەڕوو:**

- شەڕ بەدژی سەرجەم لایەن و ڕەوتە نێوخۆییەکان بە پاساوی موحاریبە، پیلانگێڕی، دابەشکاری و کوفر
- شەڕی هەشت ساڵە دوای کوژرانی ڕۆحانییەکی شیعە لەگەڵ عێراق
- هەوڵی دەستێوەردان لەو وڵاتانەی کە لە خانی دوژمن پێناسە کراون، وەکوو: بەحرەین، کووەیت، عەرەبستان، ئیسراییل و لە دوایین دانەش هەرێمی کوردستان
- بەرەوگرژی بردنی پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبستان دوای کوژرانی شێخێکی شیعە
- پشتیوانی لە دەسەڵاتی عەلەوییەکانی سووریە بەدژی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتە
- تەیار کردنی شیعەکانی یەمەن (حووسییەکان) بۆ هەڵگیرسانی شەڕ تەنیا بەمەبەستی لاواز کردنی سوننەکان
- پشتیوانیی کەمینەی موسوڵمانی کەشمیر دوای چوار دەیە بە مەبەستی بەرەوڕووبوونەوەی دەسپێکردنی پەیوەندیی ئاستبەرزی هیند و ئیسراییل
- دابین کردنی تێچووی ڕێکخراوەی حیزبوڵا بۆ برەودان بە هەناردەی شۆڕش و هیلالی شیعی
- پشتگیری لە حیزبی "الدعوە"ی عێراقی بۆ کزکردنی ڕێککەوتنی نیشتمانیی عێراق و وەلانانی پێکهاتەی سوننە
- دژایەتی وپیلانگێڕی دژ بە حیزبی هاوبەشیی نیشتمانیی ئەفغانستان بۆ کەرت کردنی گۆڕەپانی سیاسی و برەودان بە گرووپە ملکەچەکانی ئێران. ئەمانە تەنیا بەشێکن لەو کەیسانەی کە دەرخەری ڕاستیی چییەتی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمی ئێرانن. لە سەرجەم ئەم خاڵانەدا شیعیزم و بەرژەوەندییەکانی بەرچاو و دیارن، کەوایە ئەنجامگیرییەکی ساکار ئەوە دەردەخات کە ئەم ڕێژیمە بەهیچ چەشنێک لەڕووی دەرەکی بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلانی ئێرانی نەک هەر ڕەچاو نەکردووە بەڵکوو بەدژیان وەستاوەتەوە.

### کۆبەند

ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکەکان لەبەرهۆکاری وجوودیی خۆیان، لەناوخۆوە ڕێگەی کپکردن، نکۆڵی و پەراوێزخستنی دەنگی جیاواز دەگرنەبەر. هەروەها لەرووی دەرەکی بۆ مانەوەی خۆیان ناچارن تەنیا لەگەڵ ئەو لایەن، گرووپ یان وڵاتانەی کە لەرووی ئیدئۆلۆژییەوە پێیانەوە نزیکن، ڕابگرن. ئەم دوو فاکتە گرینگە وادەکەن کە گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆیی ناتەواو بمێنێتەوە و کەلێنی وەلانانی پێکهاتە، داخوازیی و دەنگی جیاواز کە زۆرجار لە زۆرینەدان هەروا بەسەر جەستەی سیاسەتی ناوخۆوە دیار بێت و لەرووی دەرەکیش زۆرینەی وڵاتان بەپێی چییەتی ڕێژیمە ئیعتقادییەکان، لە خانی نەیار/دوژمن دابندرێن.ئەم دوو کەمایەسییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. بۆیەش لە درێژخایەندا لە ناوخۆوە تووشی قەیرانی ڕەوایی دەبن و لە دەرەوەش بە تەریکخراوەیی دەمێننەوە. ئێران وەک یەکەیەکی هەڵگری پێکهاتەی جیاواز و فرەچەشنی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هتد نەک هەر دەبێ کۆبەندێکی نێوخۆیی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی ئەم فرەچەشنییە لە سەحنەی سیاسیدا پێک بێنێ، بەڵکوو دەبێ ئیرادەی سەرجەم چین و توێژەکان و پێکهاتە نەتەوەیی ـ کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیدا جێ بخات. هەتا ئەم کەلێنە پڕ نەکرێتەوە، هیچ ئیدیۆلۆژییەک نە دەتوانێ شوێنگرەوەی ئەم دۆکتۆرینە زانستی ـ کردەکییە لە ناوخۆ بێت و نە دەشتوانێ بێ ئەم چارەسەرە بەدوای دەسخستنی بەرژەوەندیی گشتی بێت. بەم پێیە هەتا کات بەرەوپێش دەچێت تەریکخرانی دەرەکی و ناڕەزایەتی، دژبەیەک وەستانەوەی ناوخۆیی و پەرەسەندنی ڕقی بەرامبەر لەنێوان پێکهاتەکان زیاتر زەربە لە قەوارەی گشتی دەدات و ئەگەری ناسەقامگیری زیاتر و زیاتر دەبێت.

# لاوازیی ئابووریی و کەمبوونەوەی داهاتەکانی ڕێژیمی ئێران




**پێشەوا ٢٤**

لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانی ڕێپۆرتێری "کوردستان" لەم ژمارەدا ڕێپۆرتێری ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپۆرتێکی لە سەر بارودۆخی ئابووریی ڕێژیم ئامادە کردووە.

ڕێپۆرتێری کوردستان لە درێژەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا کە لە زۆربەی بەرپرسە حکومەتییەکان و ڕەئیسی ئیدارەکان و هەروەها بەرپرسە باڵاکانی ڕێژیم وکەسایەتییە ئاکادیمیکەکان لە مەهاباد و بۆکان کە کاربەدستن یا حوزووری چاوپێکەوتنی لەگەڵیان هەبووە یان بە تێلیفۆن وتوویژی لەگەڵ کردوون بەو ئەنجامە گەیشتووە و بۆی دەرکەوتووە کە ڕێژیم گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت نەداری ئەو گەیشتووەتە کە موچەی فەرمانبرانی حکومەتیش نەدات.

ڕێپۆرتێری "کوردستان" باسی لەوە کردووە، هۆکاری باسنەکردنی ئەو بابەتە لە میدیاکان نازانێت و بۆی دەرنەکەوتووە کە هۆکاری بڵاو نەبوونەوەی ئەو بابەتە کە بابەتێکی زۆر هەستیارە و دەکرێ ببێتە خوراکی میدیایی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد بە تایبەتی بۆ چی دەگەڕێتەوە.

ڕێپۆرتێری کوردستان باسی لەوە کردووە کە ماوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕۆژنامەی "ئێشپیگل" بابەتێکی لەوبارەوە بڵاو کردووەتەوە کە زۆر گشتی و بێ لێوردبوونەوە بووە و تەنیا لە ئاستی هەواڵێکدا بڵاوی کردبۆوە. لەو ڕۆژنامەیەدا وتوویژ لەگەڵ ڕاوێژکاری ئابووریی وەزارەتی دارایی ئاڵمان کرابوو کە ئەویش هەر لە سەر ئەو بابەتە مانۆڕی دابوو کە ئێستا لۆبی نێودەوڵەتی متمانەیان بە ئابووری ئێران نەماوە.

ڕێپۆرتێری کوردستان جەختی کردووتەوە لەو بابەتەدا من زۆر لە سەر میدیاکان جەخت ناکەمەوە بەڵام بە ڕوونی و لەباری پراکتیکدا ئەو شتەی کە خۆم لێکۆڵینەوەم لە سەر کردووە و لەبەرچاوە و کاریگەری هەبووە لە سەر ژیانی خەڵک لەو ڕاپۆرتەدا باسی لێوە دەکەم.

سەرەتا لە شاری مەهاباد لەگەڵ بەرپرسی ئابووریی فەرمانداریی مەهاباد وتوویژم کرد، ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لە وڵامی پرسیارێک کە بۆچی حکوومە ت مووچە و جێژنانەی هەندێک لە دەزگاکانی فەرمانبەران وەدوا دەخات؟

فەرمانداریی ڕێژیم لە شاری مەهەباد باسی لەوە کردووە کە ڕێژیم تووشی کورتهێنانی بوودجە بووە و لە بوودجەی ساڵی ١٣٩٥دا کە پێشکەشی مەجلیس کراوە بڕێکی بەرچاو لە خزمەتگوزارییەکان کەم کراوەتەوە و خراوەتە سەر پرسی ئەمنییەتی.

ڕێپۆرتێری کوردستان لە وتوویژێکی ٣٠ خولەکیدا لەگەڵ چالاکوانێکی سیاسی و فەرمانبەری حکوومەت لە فەرمانداریی مەهاباد کە سەر بە ڕەوتی گۆڕانخوازی کۆماری ئیسلامییە لە وەڵامی پرسیاری من کە لێم پرسی هۆکاری چییە کە پڕۆژە ئاوەدانییەکان ڕاگیراون و هۆکار چییە کە بێ پارەیی ڕێژیم لە ژیانی خەڵکدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆچی دەوڵەت ئیزن دەدات کە خەڵک بەو لاوازییەی بزانێت؟

ئەو چالاکوانە سیاسییە لە وەڵامدا باسی لەوە کرد: "حکومەت لە مێژە تووشی کورتهێنانی بوودجە بووە؛ لە حکومەتی پێشوودا (ئەحمەدی نژاد) بڕێکی زۆر(کە بە ١٨ میلیارد دۆلار خەملێندراوە) لە بوودجەی "ذخیرە ارزی" وڵات کە تەنیا دەبێ لە کاتی هەستیار وەکوو دۆخی شەڕ و لە حاڵەتی قەیراندا لێی هەڵبگیرێت وکەس نازانێت لە کوێ سەرف کراوە لە وڵات چووەتە دەرەوە. ئەو چالاکوانە سیاسییە باسی لەوەش کرد کە ئەگەر ئەو پارەیە لە وڵات خەرج کرابا یان لە وڵاتێکی بیانیدا سەرمایە گوزاری کرابا ئێستا داهاتەکەی لە نەوت کەمتر نەدەبوو.

ناوبراو لەو وتوویژەدا باسی لەوەش کرد، ماوەی شەش مانگە حقووقی ئیزافەکاری زۆربەی فەرمانبەران نەدراوە کە ئەم پرسە بووەتە هۆی ئەوەیکە زۆر کەس لە فەرمانبەران ئیزافەکاری نەکەن و وەدوای کاری دیکە بکەون و ئەوەش کێشەیەکی گەورەی بۆ جێبەجێ کردن و تەواوکردنی کاروباری هاووڵاتییان پێکهێناوە.

ئەو چالاکە سیاسییە لە درێژەی ئەو وتوویژەدا باسی لەوە کردووە هۆکاری سەرەکیی کەم بوونەوەی داهات، نەبوونی مودیریەتی ئابووریی و کۆنترۆڵ کردنی پڕۆژە گەورەکانە لەلایەن لایەنێکی دیاریکراو وەک قەرارگای سازەندگیی سپای پاسداران. ئەو چالاکە سیاسییە باسی لەوە کردووە کاتێک پڕۆژەیەك ئەنجام دەدرێت کە بوودجەیەی سەرف دەکرێت دەبێ لە نێوخۆدا بمێنێتەوە. بۆ نموونە دبێ لە کرێکاری ئێرانی و ئەندازیاری ئێرانی کەڵک وەربگیرێت و مەواد و کەرەستەی سەرەتایی پڕۆژەکە لە نێوخۆ بکڕدرێت بۆ ئەوەی ئەو پارەیە لە وڵات نەڕواتە دەرەوە، بەڵام سپای پاسداران ئەو پڕۆژە مەزنانە دەداتە کۆمپانیا بیانییەکان کە ئەوانیش بە کرێکاری خۆیان و بە کەرەستەی خۆیانەوە ئەو کارانە بەڕێوە دەبەن کە ئەوە هۆکارێکی گرینگە لە دیارنەمانی پارە و بڵاو نەبوونەوەی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگادا.

ئەو چالاکە سیاسییە گوتیشی کە کورتهێنانی بوودجە کاتێک لە بڕینی موچەی فەرمانبەراندا ڕەنگ دەداتەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئیدی بەڕێوە ناچێت؛ هەروەها گوتی کە لە ساڵانی ڕابردوودا مووچەی کرێکاران زیاد دەکرا بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نەتەنیا زیاد نەکراوە بەڵکوو باس لە کەم بوونەوەی دەکات. ناوبراو هۆکارەکەی بۆ زۆر پرس گەڕاندەوە و باسی لەوە کرد ئەو هۆکارەی من دەیبینم ئەوەیە کە هیچ بەرنامەیەک و پلاندارێژێک لە نێوخۆی وڵاتدا نییە و ماوەیەک لەوە پێش حکوومەت چەند موستەشاری ئابورناسی بەناوبانگی جیهانی لە وڵاتانی چین و ڕووسیە و ئافریقای باشوور وهەروەها وڵاتی سوئێد بە کرێ گرتبوو کە هۆکارەکەی نەبوونی پلاندارێژ لە ئێران بوو. بەڵام دوای دوو ساڵ کارکردن یەکێکیان بە تومەتی سیخوڕی دەرکرا لە وڵات و سێ کەسەکەی دیکەش لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاندبوو: هیچمان لە دست نایە لە درێژخایەندا.

ڕێپۆرتێری کوردستان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو بابەتە و ڕاستی و دروستیی مەسەلەکە لێکۆڵینەوەی زیاتری کرد و سەرەتا لە ئیدارەی بەرقی مەهابادەوە دەستی پێکرد؛ ناوبراو لەو بارەیەوە باسی لەوە کردووە کە لە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لە فەرمانبەرانی ئەو ئیدارەیە و لە وڵامی پرسیارێکی هاوشێوەی سەروو، فەرمانبەری ئەو ئیدارەیە باسی لەوە کردووە کە ماوەی دوو ساڵە کاری نۆژنکردنەوەی هێڵەکانی کارەبا لەلایەن ئەو ئیدارەیەوە ئەنجام نەدراوە و هیچ شتێکی تازەمان نەکردووە و تەنانەت بۆ ڕاگرتنی ڕووناکی نێو شار و کارەبای هێندێک لە کارگە حکومەتییەکانیش کێشەمان هەیە.

ئەو فەرمانبەرەی ئیدارەی بەرق لە وتوویژ لەگەڵ ڕێپۆرتێری کوردستان باسی لەوە کردووە کە ئێستا مووچەی ئێمە وەدوانەکەوتووە بەڵام لە ساڵی ڕابردووەوە هیچ ئیزافەکاریمان پێ نادرێت؛ هەروەها گوتویەتی بە هۆی ئەوەیکە کارەبا پرسێکی ستراتیژیك و هەستیارە ئێمە لە لای حکومەت حیسابی تایبەتمان هەیە بەڵام هەر وەک ئامـاژەم پێکرد پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونمان ڕاوەستاوە.

ئەو فەرمانبەرە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە ئەگەر خەڵک بیانهەوێ کارەبا بۆ ماڵ یان کارگە یان مەسرەفی سەنعەتی و جوتیاری بەکار بهێنن ئەوە تەقریبەن سێ قاتی ساڵانی پێشوو پارە و "خودیاری" لە خەڵکی داخوازدەستێنین ئەوەش بەهۆی ئەوەیکە لە سەرووی خۆمانەوە ڕێنماییمان پێدراوە.

ئەو بەرپەرسەی ئیدارەی بەرق لە وتوویژ لەگەڵ ڕێپۆرتێری کوردستان ڕایگەیاند، ئەگەر جاران کارەبا بۆ نەفەرێک دیاری دەکرا ٨٠ی٪ تێچوکەی حکومەت دەیدا و ٢٠٪ خەڵک؛ بەڵام ئێستا ٤٠٪ حکومەت دەیدا و ئەوەی دیکەش خوازیار دەبێ خۆی تێچووکەی دابین بکات. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە داواکاری لە سەر کارەبا بە ڕادەیەکی بەرچاو و سێ قات و چوار قات لە ساڵانی ڕابردوو کەمتر ببێتەوە و ئەوەیکە کارەباش بەکار دێنێ بە دزی حکومەت هێڵی نایاسایی بە کار دێنێت کە بووەتە هۆی چەندین ڕووداوی نەخوازراوو ئاگرکەوتنەوە و تەنانەت گیان لە دەستدانیش. ئەو بەرپرسەی ڕێژیم هەروەها ڕایگەیاندووە کە نەتەنیا زیان لە بەرەوپێشچوونی خەڵک دەدا بەڵکوو خەڵک دڵسارد دەبنەوە لە سازکردنی کارگە بەرهەمهێنەرەکان و ئەمەش دبێتە هۆی بێکاری خەڵک.

ڕێپۆرتێری کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ کارمەندێکی بانکی "کشاوەرزی" کە کارناسی باڵای لە ڕشتەی ئابووریدا لە زانکۆی تاران هەیە لە وڵامی پرسیارێکدا لەبارەی لاوازیی ئابووریی ڕێژیمدا و کاریگەریی کەم بوونەوەی پارە لە سەر بانکەکان باسی لەوە کرد؛ "ئێمە لەمێژە درکمان بەو شتە کردووە و ئەو کارمەندەی بانکی کشاوەرزی هەر لەبەر دستی خۆیدا ڕێنماییەکی بانکی ناوەندی پیشان دام کە ڕێکەوتەکەی تازە بوو و بەکورتی نوسرابوو وامی زیاتر لە ١٠میلیۆن تمەن دەبێ بدرێتە خاوەن سەرمایەی زیاتر لە ١٠ میلیۆن تمەن ئەویش دەبێ لەو بانکەدا ئەو سەرمایەیەی هەبێت. ئەو کارمەندە باسی لەوە کردووە ڕۆژانە دەیان ڕێنمایی نوێ و تازەمان بۆ دێت کە باس لەوە دەکات دەبێت ڕادەی وامدان بە خەڵک بەشێوەی ڕێژەیی ڕابگیرێت یان لانیکەم بەشێوەی سنووردار بدرێتە ئەو کەسانەی کە بارمتەی باوەڕپێکراوی حقووقی دادەنێن و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە ئیدی کەم کەس داوای قەرزدانەوە بکەن.

ئەو کارمەندەی بانک هەروەها گوتی کە خەڵک توانای دانەوەی قەرزەکانی پێشووی خۆیان نییە و ڕۆژانە داوامان لێ دەکەن کە دەبێ بۆیان درێژ بکەینەوە یان لانیکەم سوودیان لێ نەستێندرێ یان سووددانەوەکەیان کەم بکرێتەوە.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لە وڵامی پرسیاری ڕێپۆرتێری کوردستان کە ئایا مەجلیس تەرحی کم کردنەوەی ڕادەی سوودی بانکی پەسند کردووە؟ ئایا ئەوە نابێتە هۆی وەرشکستەگی و دارمانی سیستمی بانکداری؟ گوتی کە ئەو شتەی مەجلیس پەسندی کردووە تەنیا شتێک بووە بو دڵگەرم کردنی خەڵک و خافڵاندنیان و بەلاڕێدابردنیان و ناتوانێت بچێتە بواری کردەیی.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم هەروەها باسی لەوە کردووە ماوەی یەک مانگە بازاڕی بورسی تاران وەرشکەست بووە؛ بەڵام هەر دەیشارنەوە، بۆ ئەوەیکە خاوەن پشک و سەرمایەدانەرانی ئەو بورسە نەیکەنە هەڵا و بەزم ونەبێتە خوراکی میدیا جیهانییەکان و بانکی ناوەندی لە سەر حیسابی خۆی وادەی قەرەبووکردنەوەی پێداون.

ڕێپۆرتێری کوردستان هەروەها لێی پرسیوە ئایا ئەو بێ پارەییەی دەوڵەت کاریگەری لە سەر حقووق و موچەی ئێوە هەبووە؟ لە وڵامدا ڕایگەیاندووە کاریگەری زۆری هەبووە بەڵام چەند بانک زۆر حەساسن لە سەر پرسی گەندەڵی و موچەمان کەم نەکراوەتەوە، بەڵام وەکوو ساڵان کە بۆیان زیاد دەکردین زیاد ناکرێ و دەرسەدی ماڵیات و سەرانە و عەوارز بە چەند قات زیادی کردووە و زۆرمان لێ دەستێنن. بە ڕادەیەک کە ئێمە وەکوو کارمەندانی بانکەکانی نێو شارحیسابێکمان بۆخۆمان کردووەتەوە کە پارەی عەوارز و ماڵیات و ... بە هاوبەشی بدەین و داوای کەم بوونەوەمان کردووە.

لە درێژەی ئەو لێکۆڵینەوەدا ڕێپۆرتێری کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ فەرمانبەرێکی ئیدارەی "ثبت و اسناد" کە سەرۆکی ئیدارەیە و هاوکات لە زانکۆ وانە دەڵێتەوە هەر لەسەر ئەو بابەتە ڕایگەیاندووە کە کارمەندانی ئەو ئیدارەیەش موچەکانیان کەم کراوەتەوە و ئیزافەکاریان نەماوە و کورتهێنانی بوودجەی پارێزگا بووەتە هۆی ئەوەیکە زۆربەی ئەو مڵکانەی کە دادگا حوکمی "توقیفی" داوەتە ئێمە و ئێمەش بە هۆکاری جۆراوجۆرو لەبەردڵی خەڵک ڕامان گرتبوو، ناچار بووین حوکمەکان ئیجرا بکەین و زۆربەی ئەو مڵکانەی کە لە دەستمان دابوو بە "مزایدە" بیانفرۆشین کە ئەوەش بووەتە هۆی ناڕەزایەتی خەڵک.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم باسی لەوەش کردووە ساڵان ئێمە یارمەتیمان بە ئەنجوومەنە خێرخوازییەکان و قوتابخانەو مزگەوت سازەکان دەکرد و مڵکی دەوڵەتیمان بە هەرجۆرێک بایە پێدەدان بۆ ئەوەیکە خزمەت بە خەڵک بکەن بەڵام ئێستا بۆخۆمان خێرمان پێ دەشێت.

لەو پێوەندییەدا فەرمانبەرێکی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان کە لە بەشی دارایی ئەو ئیدارەیەدا کار دەکات هەر لەو بابەتەوە گوتی، ئێمە یەکەمین ئیدارە بووین کە کێشەی ئابووریی دەوڵەت بەسەرماندا شکاوەتەوە و گوتی ماوەی چەند ساڵە هیچ قوتابخانەیەکمان ساز نەکردووە و ئەوەیکە سازیش کراوە ڕێکخراوە مەدەنی و خێرخوازییەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی خێرخوازێکی

«صفهانی» کە ژن و مێردێکی سەرمایەدارن لە شارەکانی شنۆ، پیرانشار، مەهاباد، نەغەدە، بۆکان، ساین قەڵا و تیکاب لە گوندەکاندا زیاتر لە ٥٠٠ مەدرەسەیان سازکردووە دەنا ئێمە بۆخۆمان سێ ساڵیش دەبێ نەتەنیا کە هیچمان نەکردووە و تەنانەت ئەو بینایانەی کە کۆن بوون یا خەساریان پێگەیوە ناتوانین نوژەنیان بکەینەوە.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم باسی لەوەش کرد کە ماوەیەکی زۆرە هیچ فەرمانبەرێکی نوێمان دانەمەزراندووە و ئێستا کێشەیەکی زۆرمان هەیە لەبواری پەروەردەدا بۆ نموونە مامۆستای شیمی دەبێ هاوکات دەرسی فیزیک و عەرەبیشی بدەینێ کە بیلێتەوە و هێزی مرۆییمان کەمە و ناشتوانین کەس ئیستخدام بکەین؛ هەروها گوتی ئەوە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئاستی خوێندن بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزێت. مامۆستای نەشیاو و ناشارەزا لە سەر بابەتی "غیر اختصاصی" خۆی دابندرێت.

ئەو مامۆستایەی قوتابخانە باسی لەوەش کردووە ماوەیەکە هەوڵ دەدەین کە ڕادەی تەمەنی "بازنشستگی" ببەینە سەرێ و تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووین و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە ڕەوتی کەمبوونەوەی مامۆستاکانمان ڕابگرین؛ هەروەها گوتی: "ماوەیەکە دەسەوداوێنی ئەو مامۆستایانە بووین کە خانەنشین کراون و داوامان لێکردوون کە بگەڕێنەوە خزمەت و موچەیەکی کەمیان دەدینێ ئەوەش بووەتە هۆی ناڕازیبوونی خوێندکار و دایک و باوکەکان."

ناوبراو هەروەها کوتی کە ڕادەی خۆدیاریمان لە خەڵک زیاد کردووە هەر کەس دەبێ بە پێی ڕادەی توانایی خۆی یارمەتی بە ئاموزش و مەدرەسەکان بکات کە ئەوەش بووەتە هۆی ناڕازیبوونی دایک و باوکی خوێندکارانی کەم داهات و جاری وا هەبووە ئێمە لە سەر حیسابی خۆمان بۆمان جێبەجێ کردوون.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیم هەروەها باسی لەوە کرد ساڵانی پێشوو یارمەتیی خوێندکارانی کەم داهاتمان دەکرد و تەقریبەن بە خۆڕایی دەرسیان دەخوێند بەڵام ئێستا ناتوانین تەنانەت دەبێ خوێندکاران یارمەتیشمان بکەن. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕادەی منداڵانی نەخوێندەوار لە پارێزگادا بەرێژەیەکی ترسێنەر زیاد بکات و ڕۆژانە لە شەقام و کۆڵانەکان خەریکی دەستفرۆشی و کاری لەم چەشنەن و بوونەتە هۆی زیادبوونی کێشەی ئەمنییەتی.

ڕیپۆرتێری کوردستان هەروەها لە وتووێژێکی تەلەفوونیدا لەگەڵ فەرمانبەرێکی بەشی دەرمانیی نەخۆشخانەی مەهاباد لەوبارەیەوە باسی لەوە کرد کە ئەو فەرمانبەرە ڕایگەیاندووە، کەم داهاتی دەوڵەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەخۆشخانە حکومەتییەکان هەبووە بەڕادەیەک کە لەم دواییانەدا چەند فەرمانبەرێکمان دەرکردووە وئەو بوودجەیەی کە دەوڵەت وەکوو سەرانەی ساڵانە بۆمان دەنێرن بەشی خواردنی بەشی دەرمان، حقووقی پەرستارەکان و دوکتورەکان ناکات هەربۆیە چەند ڕێکارێکمان گرتووەتە بەر.

یەکەم: دانانی سندووقی یارمەتی بە نەخۆشخانە لە نێو خودی نەخۆشخانە و شوێنە قەرەباڵغەکانی شار.

دووهەم: زیاد کردنی ڕادەی بلیتی دوکتورانی نێوخۆی نەخۆشخانە و زیادکردنی کڕین و دابین کردنی دەرمان کە دەبێ نەخۆشەکان بۆ مانەوەیان لە نەخۆشخانە ئەو هەزینەیە بۆ خۆیان پەرداخت بکەن.

سێهەم: کەم کردنەوەی شیفتی زیادی پەرەستاران و ڕاگرتن و ڕاگرتنی دوکتورو پرستار لە زانکۆ پزیشکییەکان.

ئەو فەرمانبەری ڕێژیم هەروەها باسی لەوە کردووە ئەو کارانە بوونەتە هۆی ئەوەیکە قورسایی بکەوێتە سەر شانی خەڵک کە بەهۆی نەخۆشییەوە دەڕۆنە نەخۆشخانەی دەوڵەتی و هەروەها هاتنە خوارەوەی کوالێتی خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشەکان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە خەڵک بەناچار بڕۆنە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کە ئەوانیش هەزینەیان یەکجار زۆرە و بووەتە هۆی سازبوونی چەندین پەروەندەی قەزایی لە دادگاکان.

هەروەها باسی لەوەش کرد من وەک کەسێک کە لە بەشی دەرمانیی نەخۆشخانەم ماوەی شەش مانگە کە پارەی دەرمانمان بە دەرمانخانەی ناوەندیی لە ورمێ نەداوە کە ئەوە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەو دەرمانخانەیە ناردنی دەرمان ڕابگرێ و ئێمەش ناچار بووین کە لە شارە دوورەکان دەرمان بە قەرز بێنین. هەروەها گوتی ئێستا تەنیا بەشی دەرمانیی نەخۆشخانە زیاتر لە چوارسەد میلیۆن تمەن قەرزدارە.

هەر لە سەر ئەو بابەتە ڕیپۆرتێری کوردستان لە گفتوگۆ لەگەڵ فەرمانبەرێکی شیرکەتی بیمە کە شیرکەتێکی شەخسییە ڕایگەیاند کە: "ساڵانی پێشوو دەوڵەت بە ڕادەیەکی بەرچاو خۆدیاری دەدا بە شیرکەتە ئەهلییەکان بۆ ئەوەی ڕقابەت ساز بێت تا کەیفیەتی کارەکانیان ببەنە سەر بەڵام دووساڵ دەبێت ئەو خۆدیارییە ڕاگیراوە و ئێمە لە سەر حیسابی خۆمان ناچارین بۆ مانەوەمان لە نێو بازاڕدا و نەدۆڕانمان ڕادەیەکی بەرچاو لە هەزینەکان کەم بکەینەوە تەنانەت ئێمە ساڵی ڕابردوو بە دوو مۆنشی فریای کارەکان و تەکمیل کردنی پەروەندەکان نەدەکەوتین. بەڵام ئێستا ناچار بوم هەر دوو مۆنشی لە سەر کارەکانیان لابەرم و خۆم کارەکانیان بەڕێوە دەبەم؛ هەرچەند ڕادەی ئەو کەسانەی کاریان هەیە تا ڕادەیەک کەم بووەتەوە کە لە حەوتوویەکدا تەنیا چوار کەس پێوەندیان کردووە کە لەو چوار کەسە دوو کەسیان بۆ فەسخ و تەواوکردنی قەراردادەکانیان هاتوونە."

ئەو فەرمانبەری بیمە هەروەها باسی لەوە کرد؛ "نەمانی بیمە و کەم بوونەوەی هیوای خەڵک بۆ داهاتووی کاری خۆیان دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی خەڵک لە کاری خۆیان و نەمانی هەلی کار." لە درێژەی قسەکانیشیدا وتی: "ئەگەر کارگەکان یان شیرکەتەکان یان خەڵکی ئاسایی و خاوەن سەرمایەکان قەراردادیان لەگەڵ بیمە نەبێت دەبێتە هۆی بێ متمانەبوون یان لەلایەن شیرکەتەکان و فەشەل بوونی بازرگانی لە نێوخۆ ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە چیدیکە خەڵک و خاوەن سەرمایەکان پارەی خۆیان لە بازار نەکەن و لە بانکەکاندا هەڵیبگرن و هەلی کار نەمێنێت."

هەر لەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەدا، ڕیپۆرتێری کوردستان لەبارەی هۆکارەکانی کەم بوونەوەی داهاتی دەوڵەت لەگەڵ مامۆستایەکی ئابووریی زانکۆی نازلوی ورمێ وتووێژی کردووە؛ ئەو مامۆستایە باسی لەوە کردووە کە هۆکارەکانی کورتهێنانی بوودجەی میللی بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:

١- گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە کە تەنانەت لە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیش بە هاتنە سەرکاری حکومەتی ترامپ بێ متمانەیی نیسبەت بە بازاڕی ئێرانی سازبووە و تەنیا ئەو شیرکەتانە سەرمایەگوزاری دەرەکی دەهێنە نێوخۆ کە شیرکەتە ڕووسی و چینییەکانن. ئەوانیش وەکوو پیشەی هەمیشەیی خۆیان تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاوە و بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری گەورە لە گرێبەستەکانیاندا و بە بیانووی پشتیوانی لە سەحنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لۆبی نێودەوڵەتی گەورەترین زەربەیان لە ئابووری ئێران داوە.

٢- تێوەگلانی ئێران لە کێشەی ناوخۆیی سووریە و عێراق کە بە قسەی خۆی ئەو کارە لە درێژەی پلانی ژوورە داخراوەکانی وڵاتی ئامریکا و ئیسرائیلە کە پلانیان هەیە بە کێشانی ئێران بۆ نێو ئەو شەڕانە ئێران تووشی خەرجی زۆری شەڕ بکەن.

بە وتەی ئەو مامۆستایەی زانکۆ شەڕی سووریە و یەمەن بیانوویەکن بۆ تێوەگلانی ئێران و مەبەستی سەرەکی ئێرانە کە هەر چەند ئەو شەڕانە زۆر بخایەنێت خەرجی ئێران زیاد دەبێ و دەبێتە هۆی فەشەل لە نێوخۆی وڵات وهاوکاتیش لەگەڵ ئابلۆقە نێودەوڵەتییەکان دەبێتە هۆی گوشارێکی ئابووری یەکجار زۆر و ئێران ناچار دەبێت لە درێژخایەندا ستراتیژی شەڕئەنگێزی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بگۆڕێ بۆ سازان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

٣-نەبوونی پلان و بەرنامە لە نێوخۆی وڵات هۆکارێکی دیکەیە کە ئێران هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هیچ پلانێکی ئابووری دیار و خاوەن سەبکی نییە، دروستە حکومەت بە ناو کۆمارییە و مارکی ئیسلامیشی لە خۆی داوە بەڵام ئابوورییەکەی زیاتر لە ئابووری وڵاتانی کۆمۆنیستی دەچێت و هەموو ئامرازەکانی بژیوی خەڵک بەسراوەتەوە بە حکوومەت بە جورێک کە کەڵک لەو پلانە وەردەگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک و مانەوەی دەسەڵات، بەڵام نازانێ کە وەکوو زۆربەی وڵاتە کۆمۆنیستەکان ئەو پلانەی بۆ ناچێتەسەر یان دەبێ تووشی ڕووخانی ئابووری سیاسی ببێت یان وەکوو چین بە زەبری زۆر دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت یان وەك ڕووسیە سیاسەتی ئابووری خۆی بگۆڕێ.

> **ئێران هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هیچ پلانێکی ئابووری دیار و خاوەن سەبکی نییە، دروستە حکومەت بە ناو کۆمارییە و مارکی ئیسلامیشی لە خۆی داوە بەڵام ئابوورییەکەی زیاتر لە ئابووری وڵاتانی کۆمۆنیستی دەچێت.**

٤-بە هۆی داکشانی لەناکاوی نرخی نەوت لە ساڵانی ڕابردوودا وڵاتانێکی وەکوو ئێران کە ئابوریەکەیان ٨٠٪ بە نەوت بەستراوەتەوە ئەوانیش تووشی داکشان دەبن و ئەوە نیشانەی لاوازییەکی ئابووریی گەورەیە؛ وڵاتێکی وەکوو ئامریکا کاتێک ئەو لاوازییە لە وڵاتەکاندا دەبینێت کەڵکی لێوەردەگرێت و هەوڵ دەدا ئیمتیازی ئابووری بستێنێت یان حکومەتەکان ناچاربە گۆڕین بکات بۆ نموونە ئاماژەی بە بەهاری عەرەبی و بەتایبەتی میسر کرد کە ئەویش تووشی هەمان کێشە بوو و کۆتاییەکی ناخۆش چاوەڕوانی وەها دەسەڵاتێک دەکات.

٥- هۆکاری ستراتیژیکی ئیدئۆلۆژیکی وڵاتانی وەکوو ئێران؛ ستراتیژیی ئەوان لە بەرژەوەندی خەڵکدا نییە و تەنیا بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدایە. ئەم وڵاتانە بە نائەمنکردن و دەستێوەردانی چەکداری و خراپەکاری لە مەجلیس و ئابووری و وڵاتەکانی دراوسێ، بۆخۆیان تووشی خەرجێکی سەرسوڕهێنەردەبنەوە کە پێیان وایە ئەو تێچووە مانەوەیان تەزمین دەکات بەڵام بەپێچەوانەوە بە زیانی خۆیان دەشکێتەوە و تووشی ئابڕووچوونی نێودەوڵەتی و گەمارۆی ئابووری و دەیان خەرجی دیکە دەبن.

هەر لە سەر ئەو بابەتە دوکتورایەکی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە تاران لە وەڵامی پرسیاری ئەوەیکە ئەو دۆخە هەتا کەی دەخایەنێت و کۆتاییەکەی چی لێ دێتەوە؟ وتی:

لەمێژە داوێنی وڵاتی ئێرانی گرتووەتەوە و چەند سێناریۆی پێشبینی کرد کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا تووشی وڵاتی ئێران دەبێت.

١- بە ڕووخانی ئابووری، ئێران ئیتر ناتوانێت دەستێوەردان لە وڵاتانی دراوسێدا بکا و ئەو کارەش دەبێتە هۆی شەڕ لە سنوورەکانی خۆی.

٢- ئێران لەو سیناریۆیەدا دەبێ بە تەواوەتی سەروەری خۆی بداتە دەست دوو وڵاتی ڕووسیە و چین و ئەوانیش بە دڵی خۆیان نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران لەژێرچەپۆکی خۆیان دەنین و لەو دۆخەشدا نێوخۆی ئێران تووشی نارەزایەتییەکی زۆر دەبێتەوە و دەسەڵات ناتوانێت دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و وڵاتی ڕووسیەش نیشانی داوە کە ئیتر پشتی وڵاتانی بێ کەڵک.

٣- ئێران دەبێ لە نێوخۆدا دەسەڵات بکاتەوە، کە هەر چەند ئەو دۆخە لە وڵاتێک وەکوو ئێران زۆر دورە بەڵام ئەگەر مەجبوور بکرێت لە دەرەوەی وڵات بێ گومان بۆ ئەوەیکە خەڵک لەگەڵی بن دەبێ گۆڕانکاری لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەیدا بکا و بەو کارەشی دروستە خۆی لە دەستێوەردانی سەربازی وڵاتانی بیانی بە دووردە گرێت بەڵام بە نزیکبوونەوەی خەڵک لە دەسەڵات و ڕەوتی گلۆبالیزمی نێودەوڵەتی و سازبوونی جەمسەر و ئەحزابی جیا جیا لە نێوخۆدا حکومەت بە تەواوی ماهیەتی دەگۆڕدرێت و دێتە سەر ڕێگای ڕاست.

# سیاسەتی چەوتی حکوومەتی ناوەندیی ئێران کوردەکان زیاتر بەرە و سەربەخۆییخوازی هان دەدات




**ئەلبۆرز رووینتەن**

جیاخوازی یا سەربەخۆیی خوازی چەمکێکە کە بەدرێژای مێژووی هاوچەرخ وەک بیانوویەک بۆ سەرکوت و پێشێل کردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بەکارهێنراوە. تەنانەت لە زۆر مافی سەرەتایی بێ بەش کراون چونکە هەر مافێکی سەرەتایی بە بەستێنێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەزانن. لێرەدایە کە بۆ پێش گرتن بە ڕزگار بوونی کوردستان و کورد چەمکی داگیرکەری دەوڵەتەکانی ناوەند لە سەر کوردستان مانا پەیدا دەکات. هەر بۆیەش دەسەڵاتی خۆی لە سەر بنەمای هێز و بە تێڕوانینی ئەمنیەتی لە سەر کوردستان بەرقەرار کردووە. بەو شێوەیە پێشی بە گەشەی ئابوری و کەلتوری و کوردستانیش دەگیردرێت چونکە مەبەستی حکومەتی ناوەندی داگیرکردن و پێش گرتن بە ئازادی گەل و خاکی کوردستانە نەک بەڕێوەبردن یان باشتر کردن یا بەرەو پێشبردن. هەرلەم ڕاستایەشدایە کە لە مێژوو و بیرەوەریمان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی جیا لە خوێن و ستەم شتێکی تر جێگەی نابێتەوە. لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە کورد زۆر جار بە مافی زۆر کەم لە پێناو نەمانی شەڕ و نەهامەتی و گەیشتن بە کەمترین مافەکانی خۆی ئامادە بووە کە لە چوارچێوەی ئەو سنورانەدا داواکانی خۆی هێناوەتە ئاراوە. واتە کورد قەڵەمبازی داوە بە سەر ویست و مافی جیاخوازی لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کە نەک لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە پێشوازی لێ نەکراوە بەڵکوو هەر بەرەو ڕووی هەمان هەڵسوکەوتی دژبەرانە و داگیرکەرانە بۆتەوە. تەنانەت ئاستی دژایەتی مافی کوردان تەنیا بۆ دەسەڵاتدارانی تاران نەماوە بەڵکوو بە دەگمەن هەڵکەوتووە دێموکرات خوازترینیشیان دان بە کەمترین مافی ڕەوای کورددا بنێن بەپێچەوانەوە ئەوانیش لە ترسی داڕوخانی یەکێتی دەسکردی بە جەبر و زۆر هەر وەک داگیرکەران بیردەکەنەوە و لەباری تێڕوانینەوە جیاوازییەکیان نییە

. دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ئەو پرسیارە دێتە پێش کە تا کەی بەردەوام بین لە سەر داوای مافەکانمان لە چوارچێوەی ئەو سنورە دەسکردە کە تەعبیر لە گەوهەری نەتەوەیی ئێمە ناکات. یا بۆچی لە کاتێک دا کورد هەمیشە ئامادە بووە بۆ دانوستان و چارەسەری بەڵام هەر بە خوێن و خەنجەر وەڵام دراوەتەوە بەردەوام بێت لەسەرداخوازی بۆ چارەسەری و دانوستاندن. یا چەند جار ئامادە بین بۆ سەلماندنی نیەت پاکی لە سەر مێز دابنشین ئەوان تیرۆرمان بکەن؟ یا تا کەی ئامادە بین ئێمە بۆ بەرچاو گرتنی حەساسیەتی ئەوان بە دڵیش نەبێت بە گوتار لە ڕەواترین مافی خۆمان دەست هەڵگرین ئەوان تەنانەت ئامادە نەبن بۆ چارەسەری گرفتەکان دانوستاندنیشمان لە گەڵ بکەن. هاتنە پێشی هەموو ئەو پرسیارانە لە ناخی خۆیدا خوێندنەوەی مێژووی دانیشتنەکانی سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەرانی کورد و ڕێبەرانی وەک سمکۆ و پێشەوا و هەیئەتی کورد و قاسملوو وەبیردێنێتەوە ؛ وەڵامەکانیشی لە لای جیلی نوێ بە ئیدی بەسە دەست پێکات. ناڵێم ئەوانەی پێش ئێمە هەڵە بوون بەڵکو بناغەی ئەو ئیدی بەسەی جیلی نوێ بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی ئەوان و سەردەمی ئێستای گەشەی بواری جیا جیای دۆزی کوردە. هەر بۆیەش کاتی ئەوە هاتووە لە بەر سێبەری قورسی ئەو مێژووە ستراتیژی نوێی گەل و خەبات و تێکۆشان لە داخوازی لە چوارچێوەی سنوری دەسکرد بگۆڕین بۆ داخوازی گەل جا هەرچی بێت واتە بڕیاردان لە سەر چارەنوسی خۆمان بکەینە مانشێتی داخوازییەکانمان. بۆسەلماندنی ئەو داخوازە ڕەوایەش مێژووی ستەمی چەندین ساڵە بە بەڵگە بهێنینەوە کە پڕە لە داستانی داپڵۆسین و قڕکردن و ژینۆساید و زیندان و گوڵلە و تفەنگ؛ واتە سیاسەتی چەوت و دژبەرانەی ناوەندی تاران زیاتر لە هەموو بیانویەک ئێمە هان دەدات کە سەرلەنوێ ڕیشەی ستەمکاریی ناوەند بەنیسبەت کوردەوە پێناسە بکەینەوە و ستراتیژیی دیکەمان بەرامبەری هەبێ. پێم وایە لێرەدا هێزی ڕاسان و داینەمۆی شۆڕش واتە حیزبی دێموکرات دەبێت بۆ ئاراستە کردن و بەرجەستە کردنی ئەو داوایە ڕۆڵێکی کاریگەر بگرێت چونکە داینەمۆ بوون و قوربانی و خەباتی نزیکەی یەک سەدەی ڕابردوو ئەو ئەرکەش لە ئەستۆی ئەو هێزە دادەنێت. بێ گومان باش دەزانم بۆ ئەوەی ئەو داوایە لە دروشمێکی زرق و بەرق دار بگوڕێت بۆ ستراتیژێکی بەرنامە داڕێژراو، سەرەتا پێویستە زەمینەی تیئوری ئەو چەندە لەبەر ڕۆشنایی نەهامەتییەکانی مێژووی ڕابردوومان دابڕێژرێت و بکرێتە ئامانجی شۆڕش و دواتر بۆ جێبەجێ کردن و پراکتیزە کردنی ڕاسان بیگەیێنینە لوتکەی بەهێزی بەڵام تەنیا هێنانە بەر باسی ئەو بابەتە ئەو چەندە بە دوژمن نیشان دەدات کە بە هەڵگرتنی وانەی مێژوو درێژە بە خەباتمان دەدەین .



# پیلانی دابڕان لە زمانی کوردی پووچەڵە!



ئاوات ساروج

زمانی کوردی وەک یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە بواری زمانەوانییەوە لە ریزی کۆنترین زمانەکانی ئەم ناوچەیە دەبیندرێت کە زمانی ئاخاوتنی نزیک بە ٥٠ ملیۆن کەسە و پێشینەی کۆن و کەونارای لە مزۆپۆتامیادا هەیە. زمانێک بە شێوەزارە رەنگاورەنگە پڕ وشە و پیتە زارەکییەکان کە بۆ نووسین، رەنگ، شێوە و جوانییەکی بەرچاو بە ئەدەبیات و دیالێکتی ئاخاوتنانی ئەدات .

لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر رەنگاورەنگی و بەرفراوانی ئەم شێوەزارانە بەرچاو دەکەوێت کە رەنگە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاوەها نەبێت. ئەگەر بۆ زمانی کوردی و بگرە هەر شێوەزارێک هەتا رێژەی ئاخێوەرانی ئەم زمانە هەژمار نەکرێن زۆر ئاساییە بەڵام بەرفراوانی و دەوڵەمەندی وشە و تەنانەت پیتیش لە زۆربەی شێوەزارەکان، رێژەی ئاخێوەرانی ئەو شێوەزارەشی تیپەڕاندووە و خۆی لە زۆر بوون و دەوڵەمەندی وشە و پڕمانا و فۆنۆتیک و بگرە مانادارکردنی دەستەواژەکان وای کردووە کە ئەو شێوەزارە لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی زیاتر خۆی بنوێنێ و بۆ چوارچێوە و روو لە زیاد بوونی وشە ئەدەبی و بە نرخەکان لە کێبڕکێیەکی بەهێز و گران لە شێوە زارێکی دیکەی کوردی پیشان بدرێت. لێرەدا دەچمە سەر باسی شێوەزارێک لە زمانی کوردی کە رەنگە کەمتر بۆ بواری زمانەوانی و ئەدەب و نووسینی کوردی بایەخی پێدرابێت بەڵام ئەو کاتە کە ئاخێوەر، دیالێکت، نووسین، نۆرم، فۆرم و فۆنەتیکی ئەم شێوەزارە دەبیندرێت نرخی ئەدەبی و دەنگ و سازی وشەی شێوەزاری لەکی چەندە بەرفراوان بێت خۆی لە قەرەی دەوڵەمەندی زمانێک وەک کوردی ئەدات هەتا بە بەرفراوانی زوانی کوردیش رەنگینییەکی دیارئەدات کە هێشتا ستاندارد نەبووە و خاوەنی فەرهەنگ سەرا و چوارچێوەی دیاریکراو نییە و ئەوەش وا دەکات کە نەیاری ئەم زمانە رۆژبەرۆژ زیاتر دەرفەت بۆ لە نێوبردن و وردکردنی ببینێتەوە!

وەک دەسەڵاتی زمانی فارسی و ستاندارد بوونی ئەم زمانە، شەڕی لە نێوبردنی زوانی دیکە لە ژێر سێبەری تەک زمانی و فەرمی بوونی تاکە زمانێک (فارسی) کە خۆی پڕ لە وشەی بێگانە و ناتەواو لە بواری دەوڵەمەند بوونی زمانیدایە هەوڵ و تەقەلای بۆ پاکتاو کردنی زمانی دیکە کە لای لایەنگرانی زمانی فەرمی وڵاتێکی وەک ئێران بە شێوە زاری خۆجێیی (بوومی) ناودێر کراوە و تا ئێستاش بی ئاکام ماوە. ئەم هەوڵە ساڵانیکی دوور و درێژە بەردەوامە و دیارە بێ بەرهەم و نەزوک دەمێنێت! بۆ؟

چوونکە شێوەزاری لەکی هەر لە چوارچێوە و ئستراکچێری زمانی کوردی دا بەئاشکرایی خۆی دەنوێنێ و شێوەی ئاخاوتن وەک فۆنۆتیک و بگرە دیالێکتیکیش بۆ بێژە کردن ناتوانێت خۆی بە زمانێکی غەیری کوردی نزیک بکاتەوە. وشەکانی شێوەزاری لەکی لە لایەن زۆرینەی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو وەک پارێزگای کرماشان، ئیلام و بەشێکی زۆر لە لوڕستان هەتا خوڕەمئاوا و نوورئاباد و هەروەها بەشێک لە پارێزگای هەمەدان وەک ئەسەدئاباد، نەهاوەند و تویسرکان کە بە لەکنشین ناسراون و زۆر جیگەی جیاواز و پرش و بڵاوی دیکە، هەر لە چوارچێوەی زمانی کوردی بێژە دەکرێت و تەنانەت پیتەکانی ئەم شێوەزارە لە فۆنۆتیک و گوتاردا ناتوانن لە بواری ئاوایی و هەتا مانا و هاوتادا لە زمانێکی وەک فارسی خۆیان ببیننەوە. لە زماندا ئەو کات پیت، وشە، زار و بنزار خۆی لە زمانێکی دیاری‌کراودا ببینێتەوە دیتر دەرفەتی لابردن و ورد کردنی ئەو شێوەزارە زۆر ئاستەمە کە پیلانی لە پێشداداڕێژراویش بۆی هەوڵ بدات کە بۆ خۆی ببات یان خاوندارییەتی لە بڕین و دورخستنەوەی لە زمانی دایک بکات. زمانی دایکی لە کوردیدا شێوەزارە دوور و نزیک لە یەکەکانە کە لێرە شێوەزاری لەکی زیاتر بە هەورامی، گۆرانی و بگرە کرمانجی نزیک دەبێت کە دوور لە ناسینی ستاندارد بوون یان زانستی بوونی زمانێک، هەر بە ئاشکرایی لە گوتار، دیالێکت و شێوەی بێژەکردنی ئاخێوەرانی بە دەرئەکەوێت کە سەر بە چ زمان و ساختارێک بێت.

فکریەتی پان ئیرانیستی- فارسیزم و ئاسمیلەگەری رێژیمی ناوەندگەرای ئێران لە سێ قۆناغی جیاجیای فەرهەنگ سەرای خۆی هەموو هەوڵ و تەقەلای ئەوە بووە کە یەک بە یەکی زمانەکانی نێو ئێران ورد بکات و بە بچووک کردنەوەیان هەوڵی زەق کردنەوە و گەورە نیشان دانی زمانی فارسی بدات و لە لایەکی دیکەشەوە هەتا ئیمکانی هەبێت پیلانی نگریسی دژە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بخزێنێتە نێو شێوەزارەکان و هەوڵی دووبەرەکی و جیاکردنەوەیان بدات کەچی لە گەورە شارێکی وەک کرماشان بە هەموو رەنگاورەنگی شێوەزارە کوردییەکانەوە پیلانڕێژانی فارسیستی ناوەندگەرا، بە دروست کردنی زمانی دەستکرد و بازاڕیی "فارسی کرماشانی" کە ئەوەش لە هیچ قاموسی زمانیدا چوارچێوە و جێگە و پێگەی نییە، تەقەلای لەنێوبردنی شێوەزارەکانی داوە و بە وردکردنی وشە جوانەکانی زمانی کوردی و فارسیزمە کردنیان، سەرنەکەوتوون و ئێستاش بە پیلانی جیاکردنەوەی شێوەزاری رەنگینی لەکی لە زمانی کوردیدا خوازیارن وەک زمانێکی جودا پێناسەی بۆ بکەن کەچی هەرچەندە لە فارسیزمە کردنیدا سەرکەوتوو نەبوونە ئێستاش بە هیچ پێوەرێک ناتوانن لە جیاکردنەوەی ئەم شێوەزارە لە زمانی کوردی سەرکەون یان قازانجێک بکەن.

پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی رێژیمی ناوەندگەرای ئێرانی و دژ بە زمانە دەوڵەمەندە مەترسیدارەکان لە بەرانبەری زمانی فەرمی و داسەپاوی فارسی بە سەر گشت زمانەکاندا بە یەک ریزی و نزیک کردنەوەی پیت بە پیت و وشە بە وشەی شێوەزارە کوردییەکان بە زمانی یەکریز و ستانداردی کوردی بە پرۆسەیەکی تۆکمە و درێژخایەن، پووچەڵ دەکرێت و بە ئاشکرا کردنی زۆر وشەی کوردی لە هەموو شێوەزارەکان کە دزراون و لە چوارچێوەی زمانی فارسیدا فارسیزمە کراون بە شێوەیەکی دیکە دەستی نگریسی ئاسێمیلەکردنی زمانێک وەک کوردی، لە لایەنی ناوەندخوازەکانەوە روو دەبێت و دوورخستنەوەی هەرچی زانستی تری زمانی کوردی و هەموو شێوەزارەکانی ئەم زمانە لە زمانی فارسی و هاوشێوە نەبوونی لە زمانی داگیرکەر و زۆر وام و قەرزباری فارسی، تەنیا و تەریک خستنەوەی زمانی داسەپاوی فارسی لە زمانەکانی دەوروبەر وەک زمانی دەوڵەمەندی کوردی خۆی لە بواری زانستی و بە بەڵگەو دەستنیشان کردنی جیاوازییە زەقەکان و کەمرەنگ کردنەوەی هاوشێوە و نزیکییە لاوازەکان بە یەک لە دوو زمانی کوردی و فارسی دەبێت پەرە بستێنێت و بکرێتە بەرنامەی تۆکمەی پاراستنی زمانی کوردی کە ئەم پلانە بە دەوڵەمەندی و بەرفراوانی وشەی کوردی و دیوانی زانستی و زوانی کوردی زیادە و بە نرخ دەکات.

لە ناوچەی ئاخێوەری زمانی کوردی بەتایبەت ئاخێوەری شیوەزاری لەکی ئەوەش لە جوگرافیایەک کە داب و نەریت، فەرهەنگ، پووشین، دەم و چاوەکان زۆر لە یەک ئەچن تەنانەت ژێنێتیکی دیاریش خۆی یارمەتیدەر و نیشانەیەک دەبێت کە زمانێک جیاواز لە زمانی ئەسڵی ئەو ناوچەیە کە کوردی بێت قەت ناتوانێت دوای ساڵانیک پیلان داڕێژراو بۆ لە نێوبردنی شێوەزارێک وەک لەکی یان جیا کردنەوەی لە زمانی کوردی سەرکەوتوو بێت.

لێرە دا پیلانی لەمێژینەی سیستەمی ناوەندخواز بۆ یەک زمانی واتە فارسی کە خۆی پڕە لە کێشە و بە بەرفراوانی وشە بێگانەکانی لە وامگیری و قەرزیش دەرچووە و رۆژبەرۆژ بەرەو شێوەزارێک لە زمانێکی دیکە دەڕوات، پەلەقاژەی ئەوە دەکات کە بۆ لە نێوبردنی زمانێک وەک کوردی هەوڵی ورد کردن یان بەلاڕێدابردنی شێوەزارێک لە زمانی کوردی وەک شێوەزاری لەکی بدات و رۆژیک بە بەشێک لە زمانی فارسی پێناسەی دەکات و رۆژیکیش چون ناتوانێت بە پیلانیش بە هی خۆی بزانێت هەوڵی بڕینی لە زمانی دایکی ئەدات و بە زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانی کوردی ناودێری دەکات.

شێوەزاری لەکی بەش و پەلێکی دیاری زمانی کوردییە و لەک وەک قەومیکی دیار لە نەتەوەی کورد، خاڵی زەق و قووڵی وای نییە کە لە زمان و نەتەوەی کورد جیاوازی بکاتەوە هەتاکوو دوژمن بتوانێت ئەم خاڵە بەرز بکاتەوە و پیلانی خۆی سەربخات.

لە کۆتایی دا بۆ جیا نەبوونی شێوەزاری لەکی لە زمانی کورد و دوور نەبوونی لە زۆربەی شێوەزار، زار و بن زارەکانی کوردی ئاماژە بە خاڵیک دەکەم کە گشتگیر و رێ پیشاندەرە بۆ پێوەندی پتەوی شێوەزاری لەکی لەگەڵ شێوەزارە کوردییەکان و بە گشتی دەیسەلمێنێ کە لە خانە و چوارچێوەی زمانی کوردی دەرنەچووە و هەروەها دوور بوون لە زمانی غەیری کوردی بەتایبەت فارسییە ئەوەش ئەمەیە : لە شێوەزاری لەکی هیچ وشە یان دەستە واژەی بنە ڕەتی و ساختاری وەک رێچکە دار نابیندریت کە دوور لە شێوەزاری دیکەی کوردی یان دوور لە بێژەی وشەیەک لە زمانی کوردی بێت و ئەم وشە بنەوایی و رێچکەدارانە هەم لە بناغە و هەم لە گۆڕانکاریدا کە بە درێژایی بوون و بێژەیاندا گۆڕان بەسەریان هاتبێت هێشتا بە زمانی فارسی نزیک نەبوون و جیاوازیان لە بەرچاوە و هیچ کاتیش ناتوانن لە زمانی کوردی دوور بکەونەوە و خۆیان لە ساختارێک جیاواز لە زمانی کوردیدا ببیننەوە بۆیە هەوڵ و تەقەلای بە لارێدابەرانی زمان و شێوەزارە کوردییەکان لە مێژە پووچەڵە و قەتیش سەرناکەوێت.

## ئاگر دەست لە داوێنی دارستانەکانی کرماشان هەڵناگرێت



تەنیا لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا هەزاران هێکتار لە دارستان و لێڕەوارەکانی جوانڕۆ، سەرپێڵی زەهاو و گیلانغەرب سەر بە پارێزگای کرماشان لە ئاگردا سووتان.

دوای کۆنتڕۆڵی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکانی جوانڕۆ و سەرپێڵی زەهاو، جارێکی دیکە دارستان و لێڕەوارەکانی گیلانغەرب، ڕۆژی چوارشەممە ١١ی گەلاوێژ لە ئاگردا سووتان .

ئەو ئاگرکەوتنەوەیە کە لە ناوچە دارستانییەکانی "بان مەیان و ملیەنی" دەستی پێکردووە ئەوەندە بەهێز بووە کە خەڵکی شاری گیلانغەرب بڵێسەی ئاگرەکەیان لە نێو شاردا بینیوە.

هەموو ساڵێک لە وەرزی گەرمادا تووشی ئاگرکەوتنەوە دەبن و حکومەتی ئێران هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە ناگرێتە بەر.

هاوکات لەگەڵ ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی گیلانغەرب ڕۆژی چوارشەمە دارستان و لێڕەوارەکانی سەرپێڵی زەهاویش ئاگریان گرت.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەرپرسانی حکومەتی ئێران هیچ هەنگاوێکیان بۆ پێشگرتن لە ئاگرگرتنی دارستانەکانی کوردستان و زاگرۆس نەگرتۆتە بەر. لە لایەکی دیکەوە کەرەستەی پێویست بۆ کوژاندنەوە و کۆنتڕۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوەکان لە بەردەستدا نییە و حکومەت هیچ کەرەستەیەک دابین ناکات.

ڕۆژی شەممە ٧ی گەلاوێژیش دارستانەکانی دەوروبەری شاری پاوە ئاگریان گرت و دواتر بڵێسەی ئاگرەکە دارستانەکانی جوانڕۆشی گرتەوە .

زۆربەی ئەو ئاگر کەوتنەوانە بەشێوەی خۆڕسک لە لایەن خەڵکی خۆجێیی کۆنترۆڵ دەکرێت و هەروەها خەڵك لەو باوەڕەدان کە بەرپرسانی حکومەتی بە شێوەی ئەنقەست دارستانەکانی زاگرۆس و کوردستان لە نێو دەبەن.

عەلی مونەزەمی

# گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان لە نێوان دوو هێزی ناسیۆنالیستیی "ناوەندگەرا" و " ناوەندرەتێن"

**بەستێن:**

لە دوای روخانی ئیمپراتووریی عوسمانی (پیاوی نەخۆشی ئوورووپا) و سەربەخۆبوونی عێراق لە بریتانیا لە ساڵی ١٩٣٢ەوە هەول درا کە کورد لە باشووری وڵاتەکەمان بە زۆرەملی وەک بەشێک لە نەتەوەی چرووک و دەستکردی عێراق پێناسە بکرێ. بەڵام کورد هیچ کاتێک بەو ناسنامەیە رازی نەبوو و کۆڵی نەدا. بۆ پاراستنی ناسنامە، خاک و مافەکانی تێکۆشا و لەو رێگایەدا بە سەدان نەهامەتی و رۆژی رەشی بە سەر هاتن بەڵام هیچ کاتێک نەسرەوتن تا بە سەرکەوتن و ئازادی گەیشتن. هەر لە دوای راپەرینی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، کوردستانی باشوور بە شێوازێک لە شێوازەکان لەلایەن پارت و لایەنەکانی کوردستانییەوە بەرێوە دەچێ. دوای روخانی رێژیمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە و چەسپانی دەستووری فیدراڵی لە عێراقدا، حکوومەتی ناوەندی و لایەنەکانی کوردستانی لە سەر بەرێوەچوونی عێراق بە شکڵی فیدراڵی، پێکەوە رێککەوتن و بریار درا کە ئەو ناوچە کوردستانییانەی کە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیدا بوون، چارەنووسیان بە گوێرەی یاسای نوێ، چارەسەر بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە بەندێکی یاسایی لە یاسای بنەرەتیی عێراقدا چەسپێندرا کە بەهۆیەوەئەو ناوچانەی بە ناوی ناوچە جێناکۆکەکان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەناسران، لە پێشدا رەوشی دانیشتوانیان ئاسایی بکرێ و لە دواییدا لە رێگای دەنگدانی دانیشتوانەوە روون بکرێتەوە کە ئەم ناوچانە پێیان خۆشە بگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا.

دوای ئەوەیکە شیعەکان لە بەغدا و حکوومەتی ناوەندیدا بەهێز بوون و لە رێگای ئەوانیشەوە، ئێران دەرفەتی باش و زیاتری بۆ رەخسا کە دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا بکا، شیعەکان بە فیتی ئێران کەوتنە دژایەتیی کورد و دەسکەوتەکانی؛ بۆیە حکوومەتی ناوەندی هیچ کاتێک ئامادە نەبوو کە مادەی ١٤٠ی یاسای بنەرەتیی جێبەجێ بکات. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوان کەوتنە هەرەشە و گورەشە لە حکوومەتی هەرێم، زمانی زبریان لە بەرامبەر گەل و حکوومەتی کوردستان بە کار هێنا، برینی بوودجەی حکوومەتی هەرێم و موچەی هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی یاسایی و نەدانی چەک بە پێشمەرگە، دامەزراندنی هێزێکی چەکداری نادەستووری و سەرەرۆی وەک حەشدی شەعبی کە لە بەرامبەر هیچ یاسایەکدا بەرپرسیار نییە و پرچەک کردنیان و بەکارهێنانیان وەک هەرەشە بە دژی گەلی کورد و .... یان کردە سیاسەتی فەرمی خۆیان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها لە دوای پەیدابوونی داعش و هێرشیان بۆ سەر کوردستان، حکوومەتی ناوەندیی عێراق تۆمەتبار دەکا بە نەدانی چەکی پێشکەوتوو بە پێشمەرگە بۆ ئەوەیکە بتوانن لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا بۆ سەر شەنگال بەرگری لە شەنگال بکەن کە لە ئاکامدا ئەوە بۆ خۆی کارەساتی گەورەی لێکەوەتەوە و خەڵکی کورد لە شەنگال کۆمەڵکوژ کران.

هێرشی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان ئەگەرچی کارەساتی زۆری بۆ کورد بەدواوە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بووە هۆی ئەوەیکە هێزی پێشمەرگە هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کونترۆڵ بکات و بە خوێنی خۆیان ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن؛ شتێک کە بووە هۆی توورەبوونی کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندی و شوینیستەکان.

ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاکامە گەیشتووە کە رێگای خۆیان لە رێگای حکوومەتی ناوەندیی بەغدا جیاکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش



پلانیان داناوە کە لە بەرواری ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧ لە هەموو شار و ناوچە کوردستانییەکانی باشووری وڵاتەکەمان گشتپرسی بەرێوە ببەن بۆ دۆزی سەربەخۆی کوردستان کە بەفەرمی لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دژایەتی دەکرێ. لەم وتارەدا هەول دەدرێ کە ئەو دژایەتی و ئالۆزیانەی دەرحەق بە گشتپرسی لە باشووری کوردستان بەهۆی لە بەریەککەوتنی دوو هێزی جیاوازی ناسیۆنالیستی ناوەندگەرا و ناوەندرەتێن شرۆڤە بکرێ.

**پەیڤە سەرەکییەکان:**

پەیڤە سەرەکییەکانی ئەو وتارە ئەمانەن: گشتپرسی، سەربەخۆیی، نەتەوەپەرەستی، ناوەندگەرا، ناوەندرەتێن.

- گشتپرسی یان رێفراندۆم بەو مانایەیە کە لە وڵاتێک یان هەرێمێکی دیاریکراو لە سەر دۆزێك پرس بە خەڵک بکرێ و ئەوان بە دەنگی خۆیان ئەو دۆزە رەد یان پەسەند بکەن.
- سەربەخۆیی یانی گرێدراو و بەستراو نەبوون بە لایەنێک و لە سەرخۆی و چارەنووسی خۆی بریاردان. حاڵەتێک کە تێیدا مرۆڤ بتوانێ بۆ خۆی بیر بکاتەوە و عەمەل بکا بە بێ ئەوەیکە پێویستی بە رێنوێنی یان هاوکاری کەسێک یان لایەنێک هەبێ. بە گوێرەی کۆنوانسیۆنی "مونتێ ویدێئو"، وڵاتێک بە سەربەخۆ دێتە ئەژمار کە رێژەیەک دانیشتوانی هەمیشەیی هەبێ، هەرێمێکی دیاریکراوی (قلمرو) هەبێ و دەوڵەتێکی بەتوانای هەبێ کە زاڵ بێ و کونترۆڵی هەبێ لە سەر هەرێمەکەی و شیانی هەبێ بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە.
- نەتەوە بە جەلەبێکی مرۆڤەکان دەوترێ کە خاوەنی نرخی هاوبەشن و دەیانهەوێ وڵاتێکی هاوبەشیان هەبێ. نەتەوەپەرەستی بە سێ شێوازی نەرێنی، بێلایەن و ئەرێنی بە کار دەبرێت. نەتەوەپەرەستی بەمانای نەرێنییەکەی یانی رق و قین بەدژی ئەوانەی کە بیانی یان غەیری خودین؛ بە مانای بێلایەنییەکەی یانی هەر وڵاتێک یەک نەتەوە دێتە ئەژمار و بە مانای ئەرێنییەکەی، نەتەوەپەرەستی یانی کۆمەڵە خەڵکێک کە بە هۆی شتێکەوە پێکەوە گرێدراون. لە سەدەی نۆزدەوە نەتەوەپەرەستی وەک تەڤگەر و ئایدۆلۆژییەکی سیاسی بەکاردێت و تێدەکۆشێ کە لەنێوان سنووری وڵات و نەتەوەدا گونجاندن هەبێ.
- سەنتریپێتال کە بە کوردی پێی دەوترێ ناوەندگەرایی (ناوەند رەکێشەر)، لە پەیڤی لاتینیی سەنترۆم بە مانای ناوەند و پێتال بە مانای لێگەران وەرگیراوە. بە کورتی یانی خوولانەوە بە دەوری ناوەندا و سەرنجدان بە ناوەند.
- سەنتریفوگال یان ناوەندرەتێن کە ئەویش لە دوو پەیڤی لاتینیی سەنترۆم و فووگال پێک دێ، یانی دوورکەوتنەوە و دەرچوون لە ناوەند؛ ئازادکردنی لەش یان شتێک لە بازنەی خوولانەوەیدا.

**هێزە ناوەندگەرا و ناوەندرەتێنە ناسیۆنالیستەکان و پرسی سەربەخۆیی کوردستان:**

وڵاتان بەهۆی نەتەوەپەرەستییەوە بونیاد دەنرێن یان لە بەر یەک هەڵدەوەشێندرێن. چارەنووسی باشووری وڵاتەکەمان لەو هاوکێشەیەدا لەو رێگاچارەیە بە دوور نییە. هۆکارەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە باشوور، هۆکارگەلێکی ئوسوولی و بە پرەنسیپن. دەبێ هەموو لایەنەکانی گۆرەپانی سیاسی لە عێراق بۆیان سەلمێنراو بێ کە ناسیۆنالیزمی عێراقی بۆ ئەوەیکە عێراق وەک دەوڵەت-نەتەوە بناسێنێ تووشی شکەست و دارمان هاتووە. دوای شەری یەکەمی جیهانی، عێراق دروست کرا و لە ١٩٣٢ەوە سەربەخۆیە. بەڵام هیچ کاتێک کاربەدەستانی عێراق هەولیان نەدا کە عێراقی راستەقینەش دروست بکەن. وڵاتێک کە خەڵکەکەی خۆی تێدا بە هاووڵاتی نەزانن، هیچ کاتێک نابێتە وڵات. بۆ ئەوەیکە وڵاتێک درێژە بە ژیانی خۆی بدات، پێویستە کە بە شکڵێکی دادپەروەرانە نەتەوەسازی تێدا بکرێ. پرۆسەی نەتەوەسازی لە عێراقدا بە کۆتایی گەییشتووە و کاربەدەستانی بەغدا لە هەر دوو جۆری عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە لە بەرنامەکانیاندا لە رەوتی نەتەوەسازی لە عێراق سەرکەوتوو نەبوون. هەر دوو جەلەبی ئاماژەپێکراو لەلایەک لەهەوڵی وەلانانی یەکتر و سەپاندنی خۆیان بە سەر یەکترەوەن و لەلایەکی دیکەشەوە هەموو کاتێک گەلی کورد و نرخ و کولتووری کوردیان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەر لە دەستپێکەوە وەلاناوە و قەت گرینگیان پێنەداوە و نایدەن. لێرەدا بە پێویست دەزانم کە بۆ روونبوونەوەی باشتری باسەکە، هەر یەک لە فاکتۆرەکانی نەتەوەسازی و هێزی ئەو فاکتۆرانە بۆ راکێشان یان پاڵپێوەنانی خەڵک لە رەوتی نەتەوەسازی لە عێراق و کاریگەریان لەسەر پرسی سەربەخۆیی باشوور بخەمە بەر باس.

پێشتر باس کرا کە نەتەوە لە گرووپێکی مرۆڤەکان پێکدێ کە خاوەنی نرخی هاوبەشن و خوازیاری ژیان لە وڵاتێکی هاوبەشدان. ئەو نرخانەی ئاماژەیان پێکرا دەتوانێ نرخە کولتوورییەکان بن وەک زمان، ئێتنیک، ئۆل، مێژوو، داب و نەریت و ... و یان نرخ و ئیدئالی سیاسیی وەک ئازادی، یەکسانی، برایەتی و ...بن.

دوو نەتەوەی کورد و عەرەب هیچ کاتێک لە عێراقدا خاوەنی نرخی هاوبەش نین کە نەتەوەیەک پێک بێنن. کورد و عەرەب لە بواری ئیدئالە سیاسییەکاندا، خاوەنی نرخی هاوبەش نین و قەت لە لایەن عەرەبەوە قەبووڵ نەکراوە کە لەگەڵ کورد یەکسان بن، کورد خاوەنی ئەو ئازادییە بێ کە عەرەب هەیەتی و یان کورد و عەرەب خاوەنی ئایدۆلۆژیەکی سیاسیی هاوبەش بن کە وەک برای هاوبیر سەیری یەکتر بکەن. کەواتە ئیدئالە سیاسییەکان هەموو کاتێک بۆ کورد پاڵپێوەنەر بوون هەتاکوو راکێشەر بن بۆ لای ناسیۆنالیزمی عێراقی.

لە بواری فاکتۆر و نرخە کولتووریەکانی هاوبەشیش هەر وایە؛ کورد خاوەنی زمانی نەتەوەیی خۆیەتی و ئەو زمانە نەک لەلایەن عەرەب و کاربەدەستانی ناوەندی وەک زمانی عەرەبی بە گوێرەی یاسا رێزی لێ ناگیرێ تەنانەت وەک زمانی رەسمیش قەبوول نەکراوە و کراوە بە زمانی دووهەم؛ لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەرچی زمانی کوردی هەندێک ئازادیی هەبووە بۆ گەشەکردن، بەڵام قەت ئەو ئازادییە تا ئەو کاتەی کە عەرەب زاڵ بوون بە سەر کوردستاندا، وەک ئەو ئازادییەی کە بۆ زمانی عەرەبی هەبووە، نەبوو.

لە بواری مێژووییەوە، کورد خاوەنی مێژووی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست لە عێراقدا نییە. لە بەر ئەوەیکە ئەو کەسانەی کە بۆ کورد قارەمانی مێژوویین، هەر بە دەستی ئەو کاربەدەستانە کوژراون و لەنێوچوون. ئەوەیکە بۆ کورد تێکشکانە لە مێژوودا، بۆ ئەوان بە سەرکەوتن دەژمێردرێ. بۆیە مێژووش وەک فاکتۆر ناتوانێ هاندەر بێ بۆ کورد کە بەرەو ناوەند رەکێش بکرێ. هەروەها کورد و عەرەب خاوەنی داب و نەریتی بە تەواوی جیاوازن. ئەگەر لە هەندێک بواری بچووکدا لەیەکچوونێک هەبێ، ئەویش ناتوانێ زۆر کاریگەر بێ.

باشترین کەرەستە لە دەستی حکوومەتەکاندا بۆ نەتەوەسازی، سیستمی پەروەردەیە. بەداخەوە حکوومەتەکانی ناوەندی لەو سیستمە بۆ چەوساندنەوەی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتووە تا دروست کردنی نرخە هاوبەشەکان. لە لایەکی دیکەشەوە، هیچ کاتێک ئەوان هەوڵیان نەداوە کە یەک نرخی کورد بکەن بە نرخی هاوبەش و تەنیا هەولی سەپاندنی نرخەکانی خۆیانیان داوە بە سەر کورددا. یانی هەر تاکێک بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە زۆر بە سانایی دەتوانێ بەو ئاکامە بگات کە ناسیۆنالیزمی عێراقی-عەرەبی کە خاوەنی هێز بوو لە عێراقی یەکگرتوودا، هەموو هێزەکانی کاریان کردووە بۆ بەهێزترکردنی سەنتریفوگال بە نیسبەت کورد و هیچ هێزێکی رەکێشەر یان سەنتریپێتالی بوونی نییە لە پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و عەرەبیدا.

لە سەرەوەدا باس کرا کە وڵاتان لە ژێر ناوی نەتەوەپەرەستیدا هەم لە بەریەک هەڵدەتەکێندرێن و هەمیش دروست دەکرێن. ئەگەر بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی گرینگ بوو کە عێراق لە ژێر هێژموونی ئیمپراتووریی عوسمانی رزگاری بێ و ببێ بە حکوومەتێکی سەربەخۆ، ئەمرۆش بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی گرینگە کە ئەو عێراقە لە بەر یەک هەڵوەشێندرێ بۆ ئەوەیکە کوردستانێکی سەربەخۆ بونیاد بنرێ. بەم پێیە ئەگەر کورد و عەرەب نەک لە بەر هۆکاری خوێنی هاوبەش و نەک بە هۆی خاکی هاوبەش، یەک نەتەوە نەبوون و نابن بە یەک و کوردستان و عێراقی عەرەبی دوو وڵاتی جیاواز و دوو نەتەوەی جیاوازن، لانیکەم دەتوانن بە رێزگرتن لە ئیرادەی یەکتر، دوو جیرانی باش و ئەرێنی بن بۆ یەکتر. کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و لێبوردەیە. دەتوانێ لە هەموو ئەو کۆمەڵکوژی و نەهامەتییانەی کە لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بە سەری هاتوون، لەپێناو ئاشتی و ژیانی ئاشتیانە لە تەنیشت یەکتر، لێ خۆش بێ.

**ژێدەرەکان:**

https://www.duo.uio.no/bitstream/handle/٩٩٥٣/١٥١٤٥/١٠٨٥٢.pdf?sequence=١
http://www.uio.no/studier/emner/hf/ilos/EXFAC٠٣EURA/h١٤/timeplan/exfactredje.pdf
https://no.wiktionary.org/wiki/selvstendighet
http://www.ovs٠.com/٠١/٢٠١٥/٨/sentripetal٢٠٪sentrifugalkraft.html
http://kommunal_rapport.no/artikkel/hva_er_en_folkeavstemning

**کەماڵ مەجیدپوور لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان**



# کەماڵ مەجیدپوور: سەرهەڵدان و سەقامگیربوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ڕۆژئاوای سنوورەکانی ئێراندا، دەتوانێت کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قووڵتر، گرژتر و بەهێزتر بکات

**وتووێژ: سەلیم زەنجیری**

**کەمتر لە دوو مانگی دیکە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بەڕێوە دەچێت، هەموو داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەتی ڕێژیمی ئێران موخالیفی بەڕێوەچوونی ئەم ڕیفراندۆمەن. ئێوە هۆکاری دژایەتیی زیاتری ئێران لە چیدا دەبینن؟**

هۆکاری دژایەتی ئێران لەگەڵ ئەو ڕیفراندۆمە دەکرێت لە چەند لاوە تاوتوێ بکرێت. یەکەم، دەسەڵاتدارانی تاران بۆخۆیان نزیک بە ٤٠ ساڵە لەگەڵ کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوون، بەبێ ئەوەیکە تا ئێستا ڕێگاچارەیەکی ساختاری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. بێ شک سەرهەڵدان و سەقامگیربوونی دەوڵەتێکی کوردی لە ڕۆژئاوای سنوورەکانی ئێراندا، دەتوانێت کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قووڵتر، گرژتر و بەهێزتر بکات و ببێتە مەترسییەک بۆ یەکێتی جوغرافیایی و سیاسیی ئێران. دووهەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە هەمیشە وەک پرۆژەیەک کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گەڵاڵە کرابێت چاوی لێدەکرێت کە ڕێگاخۆشکەرە بۆ دەستێوەردانی هەرچی زیاتری زلهێزگەلێکی وەک ولاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا. هەر لەو ڕوانگەیەوە کۆماری ئیسلامی، بوونی دەوڵەتێکی کوردی بە ئیسرائیلی دووهەم لە ناوچەکەدا شوبهاندووە کە وەک کەرەستەیەک بە دەست جیهانی ڕۆژئاواوە دەتوانێت سەرچاوەیەک بێت بۆ ئاژاوە و ئاڵۆزی زیاتر لە ناوچەکەدا. سروشتییە کە بەو تێگەیشتنە لە کێشەی کورد، کۆماری ئیسلامی دەوڵەتی کوردی وەک پێگەیەک بۆ نفوزیی سیاسی و نیزامیی ئەمریکا لە سنوورەکانی خۆیدا چاو لێدەکات و هەر بەو پێودانە وەک مەترسییەک لە سەر مان و مەوجوودیەتی خۆی لێکدەداتەوە. بەو تێڕوانینەوە لە سەر کێشەی کورد، کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لەهەمبەر جێبەجێ بوونی ئەو پرۆژەیەدا ڕابوەستێت و دژایەتی هەر هەنگاوێک بکات لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا.

**باشە ئەو ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی باشوور چ کاریگەرییەکی لە سەر پارچەکانی دیکە و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ؟**

خودی بەڕێوەبردنی ئەو ڕیفراندۆمە بێ شک جێگای دڵخۆشی بەشێکی هەرە زۆری خەڵک لە بەشەکانی تری کوردستانە و کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت لە سەر هەستی نەتەوەیی و هیوادار بوون بە داهاتوویەکی ڕوونتر. جیا لەو کاریگەرییە سایکۆلۆجییە، بێگومان ئاکامی ئەو ڕیفراندۆمە و ئەوە کە سەرئەنجام چی لێ شین دەبێتەوە، پێم وایە بە پەرۆشەوە جێگای سەرنجی خەڵکی کوردستانە و دەتوانێت لە درێژخایەندا کاردانەوەی ماددی و دەستگری سیاسی و نەتەوەیی لێ بکەوێتەوە؛ بەو مانایەکە، ئەگەر لە باشووری کوردستان دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت و خۆی سەقامگیر بکات و پشتیوانی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی لەگەڵدا بێت، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەو دەسکەوتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بزوێنەرێکی بەهێز بێت بۆ خەباتێکی هەمەلایەنانەی شێلگیر، بەهێز و جەماوەریتر لە بەشەکانی تری کوردستاندا. دیارە هەر بەو ڕادەیە کە دامەزران و سەقامگیربوونی دەوڵەتی کوردی دەتوانێت هاندەر و بزوێنەر بێت، هەر بەو ڕادەیەش بوونی ڕێبەرایەتییەکی داهێنەر و دەستپێشخەر، ستراتیژییەکی ڕوون و یەکگرتووش لە نێو هێز و تواناکانی بەشەکانی تری کوردستاندا پێویستە کە کاریگەری ڕووداوێکی لەو چەشنە بەربڵاوتر، بەهێزتر و مانادارتر بکات.

**زۆر جار گوێمان لە قسەیەکی پان ئێرانیستەکان دەبێ کە دەڵێن: "هەر شوێنێک کوردی لێ بێ، ئەو شوێنە ئێرانە". ئایا ئەو دروشمەیان و دژایەتییان لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە پارادۆکسدا نین؟**

دیارە پان ئێرانیستەکان و هەموو ناسیۆنالیستە فارسەکان زۆرتر لەو ڕوانگەیەوە ئەو قسەیە دەکەن کە لەڕاستیدا حاشا لە کێشەی کورد لە نێوخۆی ئێران بکەن و هەر لەو کاتەدا بوونی کوردستان وەک یەکەیەکی جوغرافیایی سیاسی و نەتەوەیی سەربەخۆ ڕەد بکەنەوە. هەربۆیە تەنانەت دەنگۆی دروست بوونی دەوڵەتێکیب کوردی یاخود هەنگاوێکی وەک ڕیفراندۆمی باشوور ئەوان تووڕە دەکات و لە هەمبەریدا دژکردەوە نیشان دەدەن.

**کاریگەری ئەنجامی ڕیفراندۆم لە سەر گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکان و دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکە چی دەبێ؟** ئەوەیکە زۆر زەق و بەرچاوە، ڕاگەیاندنی ڕەسمی بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم لە باشوور لە ئاستی ناوچەکەدا لەباری سیاسییەوە، هاوئاهەنگ لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، دژایەتی دوو زلهێزی ناوچەکە، واتە ئێران و تورکیەی لێکەوتۆتەوە. بەدوای ڕاپرسییەکەشدا من پێم وایە کە ئەو دژایەتییە درێژە دەکێشێت، هەرچەند سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەتەمایەکە لە ڕێگای وتووێژەوە ڕەزامەندی ئەو وڵاتانە بۆ قەبووڵکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەدەست بهێنێت، بەڵام شانسی ئەوە کە لەو کارەیدا سەرکەوتوو بێت، گەلێک ئەستەمە. هەربۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە ئاڵۆزتر بێت. تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ناوچەکە، من پێم وایە پێش ئەوەیکە ڕیفراندۆم کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەو ڕەوتە هەبێت، گەشە و پەرەئەستاندنی دێموکراسی لەو ناوچەیەدا پرۆسەیەکی دوور و درێژە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشەسەندن، ئەمنییەت و هێمنایەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتوری و ڕوشنبیریی ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا، کە تاڕادەیەکی زۆر هەتاکوو ئەمڕۆش وەک پێویست نەهاتۆتە ئاراوە و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا بەهۆی شەڕ و پێکدادانی بەردەوام کە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو ناوچەیە، چاوەڕوانی سەقامگیربوونی دێموکراسی لەو ناوچەیەدا ناکرێت.

**بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەیکە کوردستان زۆرتر لەگەڵ ئامریکا نیەتی دۆستایەتی هەیە و هاوکاتیش ئامریکا دوژمنی زۆری لە ناوچەکەدا هەیە، لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستاندا چ جۆرە هاوپەیمانییەک لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە؟**

ئەوەیکە لەو پێوەندییەدا زۆر گرینگە، ئەوەیەکە ناوەڕۆکی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان بەدوای نەمانی شەڕی سارد و ڕووخانی بلوکی سوسیالیستی و سەرنەکەوتنی بیرۆکەی نەزمی نوێی جیهانی کە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە هاتە ئاراوە، ئاڵوگۆڕی قووڵی بەسەردا هاتووە. ئەگەر لە سەردەمی شەڕی ساردا سنوورەکانی دەسەڵات و نفوزی سیاسی دوو بلوکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات تاڕادەیەکی زۆر دیار بوو و بەزاندنی ئەو سنوورانە زۆر ئەستەم و مەترسیهێنەر بوون، ئێستا دەبینین هاوپەیمانییەکان گەلێک نەزۆک و لاوازن و دەکرێت زۆر بەسانایی تووشی ئاڵوگۆڕ و ئاڵوێرکردن بن. هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانکارییە لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان چیتر لە سەر بنەمای ئیدیولۆژی و جیهانبینییەکی دیاریکراو لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دنیادا پێناسە ناکرێن. بەڵکوو قازانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن؛ بۆ نموونە ئەگەر تا پێش کۆتایی شەڕی سارد ئەمریکاییەکان بە ئەرکی سروشتی خۆیان دەزانی کە بەڕواڵەت جیهانی ئازاد و دێموکراتیک لەهەمبەر هەڕەشە و مەترسی جیهانی سوسیالیستی بەڕێبەرایەتی یەکێتی سۆڤییەت بپارێزن، ئێستا ئەو ئەرکە سروشتییە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و ئەمریکاییەکان زۆر بە ئاشکرایی دەڵێن ئەگەر ئێمە قازانج و بەرژەوەندییەکی ئابووریی و سیاسی ئەوتۆمان دەست نەکەوێت، خۆمان لە قەرەی کێشە و گرفتەکان نادەین و مافی مرۆڤ و دێموکراسیش پێویست ناکا هەمێشە لە ڕۆژەڤی سیاسیی ئێمەدا بێت. ئەو تێڕوانینە لە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان وای کردووە کە هاوپەیمانێتییە سیاسی و نیزامییەکان زۆر لەرزۆک بن. هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکاش دەبێت لەو چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێنین و بیدۆزینەوە. پرسیار لەو پێوەندییەدا ئەوەیەکە ئایا دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی چ قازانجێکی بۆ ئەمریکاییەکان لێدەکەوێتەوە؟ ئایا کوردستان لەباری ئابوورییەوە خێرێکی ئەوتۆی بۆ بازاڕی ئابووری ئەمریکا هەیە کە سەرمایەگوزاری لە سەر بکا؟ کوردستانێک کە ژێرخانێکی ئابووریی لاوازی هەیە و لە جوغرافیایەکی داخراودا ماوەتەوە کە لە بوونی ڕێگایەکی سەربەخۆی ئازاد (وەک ڕێگای دەریایی یاخود هاوسنووربوون لەگەڵ دەوڵەتێکی دۆستی کوردستان) کە شاڕەگەیەکی چارەنوسسازە لە پەرە و گەشە و نەشەی ئابووری و دەست پێڕاگەیشتن بە بازاڕەکانی جیهانی بێبەرییە، تا چ ڕادەیەک بۆ ئەمریکاییەکان گرینگ دەبێت و ئایا ئەمریکاییەکان حازرن بازاڕی وڵاتانێکی وەک تورکیە، وڵاتانی عەربی و ڕەنگە لە داوڕۆژیشدا ئێران بە بازاڕی کوردستان بگۆڕنەوە؟ وڵامی ئەو پرسیارانە تا ڕادەیەک ڕەنگە ڕوون بێت، یانی لەباری ئابوورییەوە ئەمریکا شتێکی ئەوتۆی لە کوردستان دەست ناکەوێت، بۆیە دەبێت ئێمە چاو لە بەرژەوەندییە سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بکەین کە ڕەنگە هاوپەیمانی ئەمریکا و کورد هێندێ ڕوونتر بکاتەوە. لەو سۆنگەیەوە گرینگە کە ئێمەی کورد سەرنج بدەینە تێڕوانینی ئەمریکاییەکان لەسەر کێشەی کورد لە ناوچەکەدا. هەڵوێستی ڕەسمی ئەمریکاییەکان لەپێوەندیی لەگەڵ ڕیفراندۆمدا ڕەنگە باسەکەمان ڕوونتر بکاتەوە. ئەمریکاییەکان چ لە سەردەمی ئۆبامادا و چ لەو سەردەمەدا کە ترامپ لەسەر کارە و هەروەها ڕۆژئاوا بەگشتی و بەردەوام پێداگری لە سەر یەکێتی خاکی عێراق کردووە و دەیکەن و خوازیاری ئەوەن کە کورد، شیعە و سوننییەکان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. ئەو هەڵوێستە بۆ ئێمە کە لە دەرەوەی پرۆسەکانی بڕیاردانی بڕیاردەرانی سیاسی باشوری کوردستان و کاربەدەستانی سیاسی ڕۆژئاواین، لە خراپترین حاڵەتدا بێ باوەڕی ئەو لایەنانە بە پرۆژەی دەوڵەتی کوردی دەخاتەڕوو کە ڕەنگە لایان وابێت لە درێژخایەندا بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی بۆ وان تێدا نابێت و هەر بەو پێیە حازریش نین ڕاشکاوانە پشتیوانی ڕەسمی خۆیان لەو پرۆژەیە دەرببڕن. بۆ ئەوە مەیدانی مانۆڕ و پاشەکشێی سیاسییان زۆرتر بێت. بۆیە هەروەک باسم کرد بەدوور لە هەر دڕدۆنگیەک لە مەبەست و سیاسەتی زلهێزێکی وەک ئەمریکا لەو ناوچەیەدا، ئێمەی کورد دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانییە ناوچەیی و جیهانییەکان چ لە ناوەڕۆکدا و چ لە ئاسۆ و ئامانجی داهاتوویاندا تووشی ئاڵوگۆڕ هاتوون و لەڕاستیدا نەزمی جیهانی بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە حاڵی گوزار بۆ نەزمێکی تازەیە کە تا ئێستا سەقامگیر نەبووە. نەزمێک کە لەوێدا ڕەنگە ڕۆڵ و جێگای ڕۆژئاوا بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆڵی ئەمریکا کەم ڕەنگتر بێتەوە و هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو گرینگییە کە ئێستا بۆ ئەمریکای هەیە، لە دواڕۆژدا نەیبێت. جا لەو لێکدانەوەیەڕا بەو ئاکامە دەگەین کە زۆر چەتوونە لە ئێستادا باس لە شێواز و مەبەستی هاپێوەندیی ئەمریکا و کورد بەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا بکەین. لێ بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە، پێویستە کورد وشیار بێت کە لەو سەردەمەدا نەبێتە کەواسووری بەر لەشکر و لە ڕاستیدا تەنیا لە چوارچێوەی ستراتیژیی نیزامی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان گرینگی پێ نەدرێت. هەربۆیە زۆر گرینگە کە ڕێبەرایەتی کورد لە باشوری کوردستاندا زۆر هەستیارانە و بەرپرسانە سەرنج بداتە کاکڵ و ناوەڕۆکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو سەردەمەدا و پتر لە هەمیشە بە پشت بەستن بە لێکدانەوەیەکی دروست لە سەر هێز و توانا واقعییەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردستان و بە هاودەنگی و هاوپشتییەکی بەهێزی ناوخۆیی، بڕیارێکی دروست لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆی بدا.

**بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان هاوکاتە لەگەڵ دۆخی خراپی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران و هەروەها گوشاری دەرەکی وەکوو گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ڕێژیم، پێتان وایە کە بوونی کۆی ئەو کێشانە، بتوانێ بە قازانجی گۆڕانکاریی لە ئێران و بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێراندا بشکێتەوە؟**

من بەش بە حاڵی خۆم پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕیفراندۆم لە باشوری کورستان و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوخۆی ئێراندا نابینم و هەر بۆیەش ناتوانم کاریگەریی ئەو دوو لایەنە لە سەر یەکتری شی بکەمەوە. لە پێوەندیی لەگەڵ گەمارۆ ئابووریی و سیاسییەکاندا، ڕەنگە ئەو بۆچوونەی من لێرەدا زۆر نامۆ بێتە بەرچاو، بەڵام پێم وایە کە ئەو گەمارۆیانە لە سەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ دەسکەوتێکی ئەرێنییان لە پاشەکشە و بە چۆکداهێنانی ئەو ڕێژیمانە نەبووە. نموونەی هەرە بەرچاویشی ڕێژیمی ئێران و کورەی باکوورە کە سەرەڕای گەمارۆ هەمەچەشنەکان ئێستاش هەر درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و شاڕەگی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی خەڵکی ئەو وڵاتانەیان بەدەستەوەیە. ئەو گەمارۆیانە بەشێکی زۆری خەڵکی ئاسایی، پتر لە هەرکات گرێدراو بە ئیمکانات و کەرەسە و ئامرازەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی کە بەتەواویی لەژێر دەستی حاکمان و دەوڵەتانی ئەو وڵاتانە دایە، دەکات و بەو پێیە کۆنترۆڵ و زاڵبوونی ئەو ڕێژیمانە بە سەر ژیانی خەڵک زیاتر، بەهێزتر و تۆکمەتر کردوە. لەڕاستیدا ڕێژیمە تۆتالیتر و سەرکوتکەرەکان لە بوونی پێوەندییەکی بەربڵاو و هەمەلایەنەی ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی خەڵکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ دونیای دەرەوە بێزارن و دەترسن، کەچی بەهەر ئەندازە ئەو پێوەندییانە لەنێوان خەڵکانی ئەو وڵاتانە و جیهانی دەرەوە بەربڵاوتر و بەهێزتر بێت، مەیدان بۆ ململانێ و دەربازبوون لە ئاڵقەی کۆنترۆڵ و زاڵبوونی دەزگا و دەست و پێوەندییەکانی سەر بەو ڕێژیمانە زیاتر دەکات و مەیدانی دروستکردن و هەڵبەستنی بەستێنی ڕق و بێزاری و دوژمنایەتیەکی درۆینە لە نێوان خەڵکانی ئەو وڵاتانە و دنیای دەرەوە بەرتەسکتر دەکاتەوە و ڕێگا بۆ دروست بوونی کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازادتر خۆشتر دەکا. هەربۆیە من لەو باوەڕەدام گەمارۆی ئابووری زۆرتر بە زەرەری خەڵکی ئاسایی ئەو وڵاتانە تەواو بووە و هەمیشە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ملکەچ و داماوی دەستی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە کردووە و لە ڕاستیدا هێز و توانا و متمانەبەخۆبوونی خەڵکی لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسی لە هەمبەر ئەو ڕێژیمانەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو کز و لاواز کردووە.



# هەوای خۆشی دوای باران



حەسەن سالح زادە

بۆ سێ حەوتوو دەچێ کە خەو بەو ساتەوە دەبینێ. نووکە لێرە، لە ئیستگەی ترێن بە تەڕی و سڕی راوەستاوە. کوت و پڕ بە مێشکیدا هات کە دەبێ دەربچێ. تەنانەت بۆ خۆشی نازانێ بۆچی!

هەموو شت لە ئەنتێرنێتەوە دەستی پێکرد، ئەویش ئێوارەیەکی شەممە، لە حاڵێکدا کۆمەڵێک هاوڕێ سەریان بە کرانەوەی تالارێکەوە قاڵ بوو. وێ کچێ وێڕای زاتی تەنیاییەکەی، دوای داخستنی تالارەکەش لەگەڵ ڕێکخەران مایەوە. هەر کەسەی بەرەو کاری داهاتووی خۆی رۆیشت، وەلێکانێ چکێ شەکەت. ژان کچە هاوڕێی سەری قسەی دەربارەی ئەو سایتە کردەوە کە کەوتووە بە سەریدا. ئەو خۆی زۆر پێوە خەریک دەکا کەچی هێواش هێواش کەسانێکی دیکەش لە دەوری خڕ دەبنەوە. ئەوان یارمەتی دەدەن کە چۆناوچۆن بەرسڤی وەڵامەکان بداتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، کوڕەی فەقیر دەبێ چ هەستێکی سەیری هەبێ! ئەو ژنەی کە لە تەکیا دەدوا، داهێنەر، شاز و سەرلێو لە شۆخ و شەنگی بوو. هەروەها وای نیشان دەدا کە لە بواری سیاسەتدا سەرچاوەی زانیاری بێت، تەنانەت کارناسی فووتباڵیشە. بە هەڤرا زۆر پێکەنین، هەر هەمووی ڤۆدکاکەی بەردەست یان تەواو کرد. پاشان بەرەو دیسکۆ خل تل بوونەوە. لەوێش دیسان هەر ڤۆدکایان خواردەوە. کاتێک کە خانمەکە بەرەو ماڵ هەڵگەڕایەوە، هێشتا خۆر بە تاقی ئاسمانەوە دەبیندرا.

وێ ژنێ بە ژانەسەرێکی ترسێنەر خەبەری بۆوە. سەرەتا وای پێی وابوو کە لە سەر رۆمانێک کار دەکا، بەڵام خێرا وەبیری هاتەوە کە ئەو رۆژەی لە هیچەدا لە دەست دەرچووە. هەوڵی دەدا کە ئێوارەی ئەوێ رۆژێی بێتەوە یاد. بەو حاڵەشەوە بە زەحمەت لە بیری بوو کە تاکسییەکی بە کرێ گرت و هاوڕێ لە گەڵ کۆمەڵێک دۆست، بەرەو کلووپێک هەتا مەودایەکی کەم لە دەرەوەی شار بەڕێ دەکەوێ. ئەو هەمیسان بەو کوڕە بەستەزمانە پێدەکەنی کە لە تەک پێنج کەسی دیکەدا چەتی دەکرد. کوڕەش بێ دوودڵی بیری لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ژنێک دواوە لە دوای گراوی خۆیدا واوەیلا بووە. کچەش بڕیاری دا کە خۆی لە سەر ئەو سایتە ناونووس بکا، ئەویش تەنیا بۆ تێپەڕاندنی وەخت. ئەو رۆیشت و خۆی پێوە خەریک کرد، تا ئەو جێگەی کە بڕستی لێ بڕا، شەو بە زەحمەت توانی خۆی بخاتە سەر جێگاکەی. ژان ئەوەشی پێ گوتبوو کە سایتەکە بۆ ژنان خۆڕاییە. ئەگەرچی ژنێتییەکەی بە جۆرێک بە مەی نەدەخوارد، بەڵام بەراستی بە جۆرێکی دیکە لە گەڵی دەگونجا. ئەو وایدەزانی کە تاقە بۆ یەک جار دەبێ بە خەیاڵی خۆی سوور پێی وابوو کە رایەکی تر وەها رۆژێک دووپات ناکاتەوە.

زۆر خێرا، وێنەکان لە چاوگەی چەتەکەیەوە دەرکەوتن. پیاوگەلێک بە لە دوای دەگەڕان تا پێوەندی پێوە بکەن. لە نێویاندا چەن دانەیەکی هاتە بەرچاو کە گەلێ وریا دیاربوون، هێندێکیش کەمێ نالەبار. بەڵام هەموویان بەسندە شوێندانەر دەبیندران. لە کۆتاییدا بڕیاری دا کە تەنیا بۆ دیتن کەمێک درێژەی پێ بدات. ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە لە دوای قوتاربوون لە رۆمانەکەی، نهێنی چیرۆکێک بڵاو بکاتەوە. رەنگە بۆ خۆی ئیدەگەلێکی شەخسی یان مێژوویی بدۆزێتەوە کە بتوانێ ئیلهامیان لێ وەربگرێ.

دوای دوو رۆژ، کچە لەگەڵ کوڕە جیاوازەکە دەست دەکا بە نامەنووسی و ئەویش بۆی دەنووسێتەوە. کچە خێرا دەچێ سەری لاپەڕەکەی دەدا. بەڵام پرۆفایلەکەی پەرێشانی دەکا. کوڕە لە بواری کاری وێژەوە، پرسیارگەلێکی لێ دەپرسێ. ئەویش هەمان تەوسیەی بۆ دەنووسێ کە لە ئاتۆلیەی نووسیندا بە خوێندکارەکانی دیکەی دەدا. پاشان کچەکە تێدەگا کە کوڕە لاوەکە کتێبی زیاتری لەو دەرکردووە. لاوێک کە لە سەر چوارەمین رۆمانی پۆلیسی خۆی کاری دەکرد، لە حاڵێکدا کچەکە هەر بە نووسینی دووهەم بلاڤۆکییەوە مژوڵ بوو. کچە ستایشی کورەکەی کرد کە خاوەنی وەها نووسراوێکە، وەها وێژەیەکی راستەقینە! ئەوان بۆ ماوەی شەش مانگ بە شێوازێکی نارێک بۆ یەکتریان دەنووسی. لە یەکەم دەورەی زەمانیدا، هەر دانێک ئی-مەیل 'ێکیان دەگۆڕییەوە. ئەوجار پاش هەر دوو بۆ سێ رۆژ، یەک پەیام دەنێردرا. دواتر ماوەی پەیام گۆڕدرا بۆ یەک حەوتوو جارێک. نامەنووسییەکە گەلێ گەرم و گوڕ بوو، بەڵام بێ فێڵ. لەوێ مەسەلەی وێژە و ئەدەب خاسما دەهاتە ئاراوە.

کچەکە بۆ دیتنی هەڵەچنەکەی دەبوو لە پاییزدا بچوایەتە پاریس. بەپەلە پێوەندی بە تەواوی ئەو پیاوانەوە گرت کە لە سەر ئینتێرنێت پەیدای کردبوون. راستییەکەی لە یاریدەدەرێک نەدەگەڕا، ئەو نە لە پێکهێنانی دیدارەکاندا گرفتی هەبوو نە لە دابەشکردنی تەختەکەی بە درێژایی شەوێک. بەڵام ئەو یارییەی کە دەستی دابوویە ئەوی خۆشحاڵ دەکرد. ئەو لە خۆی دەپرسی کە چۆن دەکرێ نامە بۆ کەسانێک بنووسی کە نایانناسی. ئەو لە جیاتی شارەکەی خۆی واتە ژنێڤ، بە قەستی لە پاریس لە پیاوان دەگەڕا. ئەو سەرەتا نەیدەویست هەوڵ بدا تووشی ئەم کەسانە ببێ، کەچی لە جێ، کەسێکی سەیری لێ دەرهات.

تووشی یەکەم پیاو لە تەرەفەکانی پاریس هات. هیچ جیددی نەبوو، وەلێ بێ ئەندازە لە بەردڵان. کوڕە بە گەرمی باوەشی پێداکرد. کچەش بۆ ئەوەی وەڵامی دابێتەوە، زویرانە بە روویدا پێکەنی. پیاوی دووهەم هەرچەند کراوە دەهاتە بەرچاو ، کەچی لەش قورس و نەزان. کچە سەرەڕای ئەوەی لە بیری چووبۆوە کە ئەمە پیاوێکە تامەزرۆی گفتەکانی ببوو. لەگەڵ پیاوی سێهەم یەکیان نەدەگرتەوە، ئەو ئەودیوی هیواکانی پیشان دەداو چوارەمیش نەیهێشت کە ببینێ.

داهێنەری رۆمانە پۆلیسییەکان دەرکەوت، کوڕێکی زیرەک و تیاوێستاو ، بوونەوەرێکی زۆر سەیر. پیاوێکی باریکەڵە، رووگەش و تا رادەیەک سرک، زەحمەتە ئیجازە بە کچە بدا بکەوێتە داوی ئەوینییەوە. کچە هەر ئێوارەیەک کە کاتی ئازادی بوایە خۆی بۆ کوڕەکە تەرخان دەکرد، بەم حاڵەش بە دڵشکاوی گەڕایەوە چون دەیزانی کە ئەمە کارێکی شێتانەیە. وەک کەسێکی باڵغ لە ماوەی ئەو مەودایەی کە بە ترێن دەیبڕی بەردەوام بیری لەو ساتە بچووکانە دەکردەوە کە بە یەکەوە دابەشیان دەکرد.

دە رۆژ دواتر، پەیامێکی لەلایەن کوڕەوە بۆ هات. ئەو بەتەواوی ئامادە بوو کە گوێی بۆ بگرێ. کوڕە با ساناهی پێی گوت کە ناتوانێ دەستی لێ بەردا. ئەو سەرەڕای مەودای دوورو درێژ، دەیەویست لەتەکیا مێژوویەک دروست بکات. کچەش لەهەمبەر ئەودا هەمان هەستی هەبوو. ئەوان بەیەکەوە گەلێکیان راوێژ کرد تا بتوانن جێگایەک هەڵبژێرن و لە ئاخری حەوتوودا بە یەک بگەن. کچەکە هەوڵی دەدا کە ئەو بێت و لە ناو شارەکەی خۆی بە یەک بگەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، سێ هەفتەی دیکەیان وەک کاتی ژوان دیاری کرد.

کچە لە ماوەی هەفتەی یەکەمدا بێ سەبرییەکی بێ سنووری کرد، هەزار جار مرد و ژیاوە. لە نێوان هەفتەی دووهەمدا سێحرو جادووی وەلا نا و لە تەوای ماوەی هەفتەی سێهەم دا هەستی دەکرد کە دڵی خەریکە دەتەقێت.

کوڕە هات بۆ ژنێڤ. کچە ئەو جێگەگەلەی نێو شارۆچکەکەی بۆ هەڵدا کە پێی وابوو دەبنە هۆی دڵخۆشی ئەو. لە هەنگاوی یەکەمدا کورەکە لە دیتنی ئەو بینایە زۆر خۆشحاڵ بوو کە پێشنیاری پێکرد، هەرچەند برێک مات هاتە بەرچاوی. مانەوەکەی بێ عەیب بوو. خەسڵەتەکانیان زۆر لە یەک دەچوو. وەختێ حەز یا بێزارییان لە شتێک دەردەبڕی، یەک هەڵوێستیان دەنواند. هەردووکیان لەوە سەرسوڕماوبوون کە بۆچی هیچ وەخت لە حوزووری یەکتر ماندوو نابن.

مانگێک دواتر کچەکە بۆ سەردانی ئەو چوو بۆ پاریس. مۆجزەکە دیسان لە نووکەوە سەری هەڵدایەوە. دوو بوونەوەرە سرکەکە ئۆگری یەکتر ببوون. رۆحە نامۆکانیان بە فۆرمێکی تازەو شۆخەوە گیرۆدەی یەکدی ببوون. هاورێ کانیان نەیان دەناسینەوە، بە تەواوی گۆڕدرابوون. لە کۆتایی مانەوەکەیدا بەڵێنیان بە یەکتردا کە مانگی داهاتووش یەکتر ببیننەوە.

کچەکە لە سەر سەکۆی ئێستگەی ترێن وەستاوە و لە ناو هەوایەکی سڕ و بەستەڵەکی بەیانیدا چاوەڕێی ئەو دەکا. ئەو خۆی خستبووە بەردەست پیاوێک کە بە کەمی دەیناسی. کورەکە دەگاتێ، بە زەردەخەنەوە، وەلێ نارازاوە. ئەو لێی دەڕوانێ، لە هەوڵی دەرخستنی زاتی کوڕێکدایە کە تا نووکە هیچ بوونەوەرێکی بەم رادە خۆش نەویستووە کە بیناسێ. ئەو کورەکەی سەیر هاتە بەرچاو، روخساری داشۆڕاوە. وەختێک سیلەی چاوی دەداتە ساکەکەی، بێ نەزمی لێ دەبارێ و زۆر نالەبار دیارە. چون نایەوێ کارەکە لە خۆی لێ قورستر بکا، بە بزەیەک خۆی لە بارودۆخەکە دەدزێتەوە. ئەویش بۆی پێدەکەنێ. کچەکە گەلێ زۆر قسە دەکا و لەو بێدەنگییە دەترسێ کە رەنگە تەسلیمی مەودای دوور یان هەڵاتنی کورەکەی لێ بکەوێتەوە. ئەوان دەگەنە ماڵی کچە کە کوڕە ناوی ناوە "ماڵی خۆمان" شتێک کە زۆری تووڕە دەکا. کچە بە دوو لێوان شەرابی مارتینی سپی، بە دەم میوانەکەیەوە دەچێ. لەو ماوەی کە ئەو دەچێتە سالۆنی خۆشۆردن، هینەکەی خۆی یەک بین دەخواتەوەو یەکی دیکەش ئامادە دەکا. لە باڵکۆنی ماڵەکەی دانیشتوون، لە حاڵێکدا کە کوڕە سەیری چیای سالێڤ دەکا و کچەش چاوی بڕیوەتە کێوەکانی ئالپ، لێوانەکانیان لێک دەدەن. کوڕە داستانی سەفەرەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەویش لە هەمان کاتدا کە لە کەفی سەرلێوی دەڕوانێ، بە بێ سەبری گوێی راداشتووە تا هەرچی زووتر هەموو شتی بۆ روون ببێتەوە.

کچە تەنیا یەک ئاواتی هەیە، ئەویش ئەوە کە بە زوویی بچێتە ناو جێ و بخەوێ و کە خەبەریشی بۆوە ئەو لەوێ نەمابێ. کوڕەش بە هەمان مەرامەوە دەست بە جنێودان دەکا. کچە زۆری پێ خۆشە خۆی لێ وەدەست بێ و وای لێ بکات کە جارێکی تر نەوێرێ بڵێ "ماڵی ئێمە". بەڵام ژیرانە هەڵوێست دەگرێ و سەبر دەکا تا ماندوویەکەی بار بکات. لەو دەمەیدا کە ئەو باسی کچەکەی تەنیشتی لە ناو ترێنەکە بۆ دەگێڕایەوە، کچە وەک خوێنەرێکی زۆر جوان، هەستی کرد کە بە شمشێر بە دڵیدا دێنن. ئەو تێگەیشت. پێکەنی و لە حاڵێکدا کە تیشکی نیگای لە چاوەکانی هاویشتبوو ، هەمیسان بۆ جارێکی تر لێوانەکەی لێک دایەوە.

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:706 6 Aug 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# بنەماڵەی ڕامین حوسێن پەناهی لە لایەن ئیتلاعاتی سنەوە هەڕەشەیان لێکرا





ئاژانسی کوردپا: ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دایک و باوکی ڕامین حوسێن پەناهیان بانگهێشت کرد و ناچاریان کردن گرتە ویدیۆیەکیان لێ تۆمار بکەن.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی گەلاوێژ،بنەماڵەی ڕامین حوسێن پەناهیان بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعات سنە بانگهێشت کرد.

ئەمجەد حسێن پەناهی چالاکوانی مافی مرۆڤی کورد لەم بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند:هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکومەت بنەماڵەی ئێمەیان خستووەتە ژێر هەڕەشە و هەروەها هەڕەشەیان کردووە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەتان دەستبەسەر و "ئەفشین و ڕامین" ئیعدام دەکەین.

هەروەها ئەمجەد حوسێن پەناهی باسی لەوە کردووە هێزەکانی ئیتلاعاتی سنە بە زۆری گرتە ویدیۆیەکیان لێ تۆمار کردوون.

ئەو چالاکەی مافی مرۆڤ هەروەها دەڵێت: پێشنیاریان بەو بنەماڵەیە کردووە کە لەو ویدیۆیەدا دۆخی جەستەیی ئەفشین لەبار ڕابگەیەنن و هەواڵی مانگرتنی ناوبراو وە درۆ بخەنەوە.

دەگوترێت: هێزە ئیتلاعاتییەکان دوای تۆمارکردنی ئەو گرتە ویدیۆیە بەڵێنیان بە دایک و باوکی ڕامین داوە کە دەتوانن سەردانی کوڕەکەیان بکەن .

بنەماڵەی حوسێن پەناهی لە بەیانییەکدا ئەو کردەوەی ئیتلاعاتی سنەیان نامرۆڤانە و نائەخلاقی و پێک ناکۆک لەگەڵ هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ ڕاگەیاندووە.

لەو بەیانیەدا هەروەها هاتووە بنەماڵەی حوسێن پەناهیان بە ئیعدامی خۆ سەرانە و شاراوەی ڕامین و ئەفشین ناچار کردووە و هەروەها بە شێوەی دانپێدانانەکانی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لە ویدیۆیەکدا ڕاستی هەواڵی مانگرتنی ئەفشین وە درۆ بخەنەوە .

هەروەها لەو بەیانیەدا هاتووە ئەو ئیقدامەی بەرپرسانی حکومەتی ئێران دەرخەری نەبوونی ئەخلاق و شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیە.

ڕامین حوسێن پەناهی ڕۆژی هەینی ٢ی پووشپەڕ لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی سپای پاسدران لە سنە بە توندی بریندار بوو و دەستبەسەر کرا.

# ترازێدیای کووشتن و بریندارکردنی کاسبکارانی کورد بەردەوامە



بەهۆی نەبوونی ژێرخانی ئابووری و سەرمایەگوزاریی حکوومی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، هاووڵاتییانی کورد بۆ دابین کردنی بژیویی ژیانیان روو لە کۆڵبەری و کاسبی کردنی سەرسنوورەکان دەکەن و زۆر جاریش بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە و تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا، بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ١٥٤ کۆڵبەرە ڕووداوەکانی تەقەکردن، تەقینەوەی مین، سەرما و ... کوژراو یان بریندار بوون.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لە دەست دا.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوژراوەی "کەریم محەممەد ئەمین زادە" ناسراو بە کەریم ئەحمەد خالە عەلی بێتووشی" خەڵکی گوندی "بێتووش" ڕاگەیاندوە.

مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو، ئەو کۆڵبەرە کوردەیان داوتە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستەروو: ئەو کۆڵبەرە کوردە بە هۆی کاریگەر بوونی برینەکەیەوە دەستبەجێ گیانی لە دەست داوە.

شەوی ٧ی گەلاوێژ، ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد دەکەونە بۆسەی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی و لە ئاکامدا کاسبکارێکی کورد گیانی لە دەست دا و دوو کەسی دیکە بە سەختی بریندار بوون.

شوناسی ئەو کاسبکارە کوردە گیان لە دەست داوەی "ئیبراهیم ڕەحمانی" کوڕی ڕەحمان خەڵکی گوندی "تاژان" سەر بە شاری بانە ڕاگەیەندرا؛ لەو ڕووداوەدا ١٧ سەر ئەسپی کاسبکاران بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان بە کوشت چوونە و هەروەها هێزە ئینتزامییەکان دەستیان بە سەر کەلوپەلی ئەو کاسبکارنەدا گرتووە و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.

ڕۆژێک دواتر ٨ی گەلاوێژ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی جارێکی دیکە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە سەختی بریندار بوو.

ئەو ڕووداوە لە نزیکەی گوندی"دۆڵەبی" شاری سەردەشت ڕوویداوە.

شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە بە " ئازاد مینە عەبدولی" خەڵکی گوندی"دەرمان ئاوێ" سەر بە شاری سەردەشت ڕاگەیەندرا.

ئەو کۆڵبەرە کوردە بۆ هۆی سەختی برینەکەیەوە بۆ ناوەندی دەرمانی شاری ورمێ ڕاگوێزراوە و هەنوکە لە ژێرچاوەدێری پزیشکی دایە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان شەوی ١٠ی گەلاوێژیش، هێزە ئینتزامییەکان لە ناوچەی هەورامان، هەڵیان کوتایە سەر کاروانی کاسبکاران و پاش تەقەیەکی زۆر لە کاسبکارانی کورد کە خەڵکی گوندەکانی "دروکێ و سەڵێن" بوون، چەند سەر ئەسپی کاسبکاران بە بارەوە دەستی بە سەر داگیرا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژ، هێزە نیزامییەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران لە نزیک گوندی "دوئاو"ی شاری سەقز ماشینی هاووڵاتییەکی کوردیان بەناوی "حەبیب مووحێبی" خەڵکی شاری مەریوان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و ناوبراویان بریندار کرد. بەپێی دوایین زانیارییەکان هێزە ئینتزامییەکان بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو، ماشینی ئەو هاووڵاتییە مەریوانیەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە.

هەر هەمان ڕۆژ کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "جەلال باڵان" کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی "حجران"ی شاری پیرانشار پاش پێنج ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد گیانی لە دەست دا.

ئەو کۆڵبەرە کوردە ڕۆژی هەینی ٦ی گەلاوێژ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری مەهاباد کرا.

هەر لە درێژەی ترازێدیای کووشتنی کاسبکارانی کورد، هێزەکانی حکوومەتی دوو منداڵی کوردیان لە نازی باوکیان بێبەری کرد؛ سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ، کاسبکارێکی کورد بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە پاسگای سێڵوێ کوژرا.

"فەرهاد زەردی" ناونیشانی ئەو کاسبکارە کوردەیە کە لە لایەن هێزەکانی پاسگای سێڵوێ لە سێ ڕێانی"پیرکانیان" دراوتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا ئەو هاووڵاتییە کوردە گیانی لە دەست داوە.

فەرهاد زەردی خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بووە.